دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٨٠٧، چوارشەممە ٣١ی خەرمانانی ١٤٠٠ی هەتاوی، ٢٢ی سێپتامبری ٢٠٢١

www.kurdistanmedia.com


پەیامی سەرەخۆشیی لێپرسراوی گشتیی حیزب بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک عوسمان مستەفاپوور ٢

ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٦ی خەرمانان، ساڵیادی تێرۆری شەهیدانی میکۆنووس ٣

ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٩ ساڵەی تێرۆری «میکۆنووس» ٤

ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات... ٤

ڕاسان نوێنەری بەرەنگاربوونەوەی .... ٧



گەڕانەوەی ڕێژیم بۆ بەرجام... ٩



وتووێژی کوردستان ١٠



# پەلاماری ئینتحاری، خۆکوژیی سیاسیی ڕێژیم بوو



بەرەبەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە ١٨ی خەرمانان، لە کاتژمێر ٦ی بەیانییەوە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بیانووی بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێرشی ئاسمانیی کردە سەر ناوچە شاخاوییەکانی کوردستانی باشوور و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ و بە شێوەی پچڕپچڕ بەڵام بەردەوام درێژەی هەبوو. بەپێی زانیارییەکان، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هێرشی بەربڵاوی کردە سەر چەند ناوچە لە کوردستان و بەم جۆرە لە فڕۆکەی شەڕکەر و هەروەها ئاگری تۆپخانە و دڕۆنی ئینتحاری و فڕۆکەی چاودێری و سیخوڕی هەوڵی تێکدانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی باشووریان دا.

بەپێی زانیارییەکان ئەو ناوچانەی کە کرانە ئامانج بریتی بوون لە ناوچەکانی "سیدەکان، بەربەزین، چۆمان و حاجی ئۆمەران".

"کاوە بەهرامی"، بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەنیسبەت ئەو هێرش و پەلامارانەی ڕێژیمی ئێرانەوە ڕایگەیاندووە: "لە ئاکامی ئەو هێرشانەدا بەخۆشییەوە هێزی پێشمەرگە هیچ زیانێکی گیانی بەرنەکەوتووە و ئەم هێرشە شتیکی نوێ نییە و پێشتریش ڕێژیمی ئێران لەم هێرشانەی هەبووە".

دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش لەمبارەوە و لە چەند ڕاگەیەندراوی جیاجیادا ئاشکرای کردووە کە "بە بەردەوامی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ڕێژیم بە سەر ئاسمانی ئەو ناوچەیەدا سووڕاوەتەوە و چەندین جاریش تۆپبارانی چەندین شوێنی کردووە و ئەو تۆپبارانە چەند سەعات جارێک، ناوە بە ناوە بەردەوام بووە."

جێگای ئاماژەیە کە لە کاتی پەلاماری دڕۆنەکانی ڕێژیم، هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانیویانە چەند دەزگا لە دڕۆنە ئینتحارییەکانی ڕێژیم بخەنە خوارەوە کە لاشەکانیان لە دەستی هێزی پیشمەرگەدایە.

پەلامارە هیستریاییەکانی ڕێژیمی تاران کە ماوەی ٥ ڕۆژ بەردەوام بوو دوابەدوای هەندێ هاشەوهووشەی بەرپرسانی سەربازی سەر بە سپای پاسدارانی ڕێژیم هاتنە ئاراوە؛ لە ١٥ی خەرماناندا و لەبەرەبەری نیزیکبوونەوە لە ساڵیادی جینایەتەکانی ١٧ی خەرمانانی ٩٧، محەممەد پاکپوور فەرماندەی هێزی زەوینی سپای پاسداران هەڕەشەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حیزبە دژبەرەکانی ڕێژیمی ئێران کرد کە بە زووترین کات وڵامیان دەدرێتەوە و لە چوارچێوەی شەڕێکی ڕەوانی بۆ خەڵکی باشووری کوردستان ڕایگەیاندبوو کە دەبێ خەڵکی مەدەنی و سڤیل لە دەوروبەری بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دوور بکەونەوە تاکوو خەساریان وێ نەکەوێت؛ هەر لەم چوارچێوەیەشدا چەند بەرپرسێکی دیکەی ڕێژیم هاتنە دەنگ و شەڕە میدیایی و ڕەوانییەکەیان زیادتر کرد.

ئەوەیکە دوابەدوای ئەم هەڕەشە و پەلامارانە سەرنجڕاکێش و جێگەی لێوردبوونەوە و هەڵوەستەلەسەرکردنە چەند خاڵی گرینگن:

دژکردەوەی خێرای بەرپرسانی ناوچەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ لە یەکەم پەرچەکردار بەرامبەر بە پەلامارەکانی ڕێژیم بۆ سەر باشوور، بەرپرسانی ناوچەیی حکومەت و هەروەها خەڵکی سڤیلی کوردستانی باشوور هاتنە دەنگ و وێڕای ئیدانە و مەحکوومکردنی ئەم کردەوە قێزەونانەی ڕێژیم ڕایانگەیاند ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئەنجامی دەدات نەتەنیا شەڕ لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات نییە، چونکە هیچ بنکە و بارەگایەکی ئەم حیزبانە لەو ناوچانە بوونیان نییە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ تێکدانی ژینگەی کوردستان و شێواندنی ئارامی و هێمنی ناوچەکە و سازکردنی سەرێشە بۆ خەڵکی کوردستان. هەر لەم چوارچێوەیەشدا هەڵوێستی بەشێک لە خەڵکی کوردستانی باشوور و نووسەر و ڕووناکبیرانی ئەم بەشەی کوردستان جێگەی سەرنج بوون کە وێڕای پشتیوانییان لە خەباتی ئازادیخوازانەی ڕۆژهەڵات، کرداری هیستریایی ڕێژیمیان مەحکوم کرد.

. پشتیوانی هەمەلایەنەی ڕووناکبیران، نووسەران، هونەرمەندان و شاعێرانی کوردستان؛ دوابەدوای هێرش و پەلامارەکانی ڕێژیم و لە چوارچێوەی هەوڵێکی خۆڕسکی میدیاییدا و بە هەشتەگەکانی

#ڕۆژهەڵات_تەنیا نییە،

#پشتیوانی_پێشمەرگە،

StopIranAttachKurdistan

کۆمەڵێک لە نووسەران، هونەرمەندان، شاعێران و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستان لە چوار پارچەی کوردستان بە پەیامەکانیان کردەوەکانی تارانیان مەحکوم کرد و پشتگیری خۆیان بۆ ڕۆڵەکانیان لە چیا و سەنگەر ڕاگەیاند و داوایان لە خەڵکی کوردستان کرد کە وەک هەمیشە پاڵپشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بن.

. هەڵوێستی دیاسپۆرای کوردی؛ هەر لەم چوارچێوەیەدا و بە هەست بە بەرپرسایەتی کردن لەبەرامبەر گیانی هێزەکانی پێشمەرگە و هەروەها سەروەرییە پێشێلکراوەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، کوردانی نیشتەجێ لە دەرەوەی وڵات بە وەڕێخستنی ڕێپێوان و دەربڕینی ئێعتراز لە بەردەم کۆنسولخانە و باڵوێزخانەکانی ڕێژیم لەم وڵاتانە ئیدانەی کردارەکانی ڕێژیمیان کرد کە بەشێکیان بریتی بوون لە:

کوردانی بریتانیا ڕێکەوتی ٢١ی خەرمانان، کوردانی سوئێد ڕێکەوتی ٢٤ی خەرمانان، کوردانی فینلاند ڕێکەوتی ٢٥ی خەرمانان، کوردانی نۆروێژ ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانان، کوردانی دانمارک ڕێکەوتی ٢٧ی خەرمانان، کوردانی سویس ڕێکەوتی ٢٧ی خەرمانان، کوردانی کانادا (ڤەنکۆڤێر) ڕێکەوتی ٢٨ی خەرمانان، کوردانی ئۆتریش ڕێکەوتی ٢٨ی خەرمانان، کوردانی ئاڵمان (نۆرنبێرگ) ڕێکەوتی ٢٨ی خەرمانان، کوردانی ئاڵمان (کۆڵن) ڕێکەوتی ٢٩ی خەرمانان.

هەڵوێستی کوردانی ڕۆژهەڵات؛ لە پاش هەڕەشە و پەلامارەکانی ڕێژیم چەندین کەسایەتی فەرهەنگی، ئایینی و خامەبەدەستی نیشتەجێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە پەیامی هاوبەش کە تێیدا هاتووە: "بەنیسبەت بۆردوومان و تۆپبارانکردنی بەرزاییەکانی هەرێمی کوردستان و بنکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لەلایەن سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، ئێمە پشتیوانیی خۆمان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەردەبڕین کە پێشمەرگە پارێزەری خاک و نیشتمانە و لەپێناو مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد خەبات دەکات" دژ بە ڕێژیمی تێرۆر و سێدارە هەڵوێستیان نواند.

ئەمە هاوکات بوو لەگەل پشتیوانی بەربەرینی خەڵکی کوردستان کە لە شارە جۆراوجۆرەکاندا بە ئەنجامدانی چالاکی بەرینی تەبلیغی جارێکی تر لەسەر هێڵ بوونی خۆیان سەلماند و بێزراوەیی خۆیان لەبەرامبەر سیستمی زاڵ جارێکی تر نیشان دایەوە.

. دەرکەوتنی جارێکی تری پووشاڵیبوونی ئەمنیەتی ڕێژیم؛ ئەگەرچی ڕێژیم بە دڕۆنە ئینتحارییەکان دەیهەویست هەیمەنەیەک بۆ خۆی لە ناوچە و لە نێو خەڵک و بەتایبەت لای هێزە فریوخواردووەکانی وەدەست بێنێتەوە بەڵام بە خستنە خوارەوەی دڕۆنەکان لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە کە هەنووکە لاشەکانی لای ئەوانە، دیسانەوە دەرکەوت کە ئەوەی ڕێژیمی تاران دەیڵێت و دەیکات تەنیا فڕوفیشاڵ و پڕوپاگەندای بێبنەمایە و ئەو تێکنۆلۆژییانەی کە بە هەرزانفرۆشکردنی خاکی ئێران لە ڕێگەی ڕووسیە و چینەوە وەدەستی هێناون ناتوانن و نەیانتوانیوە زەبر وە ئیرادەی پۆڵایینی ئەم گەلە بوەشێنن و بەپێچەوانەوە ئەوە کردارە هیستریاییەکانی ئەوانە کە خەڵکی کوردستان یەکڕیزتر لە جاران دەکاتەوە.

لەم دەمەدا کە ڕێژیم بۆ شاردنەوەی قەیرانە نێوخۆییەکانی و وەبیری خەڵک بردنەوەی ناتوانایی و بێهێزیی لە زۆربواری نێوخۆیی و دەرەکیدا، هێرشی کردەوە سەر کوردستان بەڵام کۆی ئەو خاڵانەی ئاماژەیان پێ کرا ئەو ڕاستییەی جارێکی تر نیشان دایەوە کە کورد لە هەر شوێنێکی دنیادا بێت هاوچارەنووسە و تا ئەو کاتەی کە کۆماری ئیسلامی وەک سەرەکیترین دوژمنی کورد بوونی هەبێ بەرد لەسەر بەرد ڕاناوەستێ بەڵام لە هەمان کاتیشدا بۆ هەموو لایەک دەرکەوت ئەوەیکە ڕێژیمی تاران دەیکات تەنیا فیشەک بە تاریکییەوە نانە و تا ئێستە وەک ڕێبەری گەورەمان دەڵێ: لە مێژوودا تۆمار نەکراوە کە میللەتێک بە زەبروزەنگ توابێتەوە و لەنێو چووبێ!

پەیڤ

## هەرەسهێنانی ئەمنییەتی

**کەریم پەرویزی**

بە دڕۆنە ئینتحارییەکانیان هێرشیان کردە سەر شاخ و بەرزاییەکانی کوردستان و ژیان و ماڵی خەڵکی ئاساییان وێران کرد و ئاگریان لە پووش و پەڵاش و دارستان و باخی ناوچەکە بەر دا و بەدیار ئاگرەکەوە خۆشییان دەربڕی کە گوایە لە پیلانەکەیان سەرکەوتوو بوون!

لەو هێرشەدا کە ڕۆژی ١٨ی خەرمانان، سوپای پاسداران بە فڕۆکەی شەڕکەر و دڕۆنی ئینتحاری و کاتیوشا و تۆپ کردیە سەر کوردستان، بیانووی سوپای پاسداران ئەوە بوو کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بنکە و مەقەڕی لەو ناوچانە دروست کردووە و هەر وەکوو سەرۆکی ستادی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم گوتی، ئەوان نیگەرانی کۆبوونەوە و کۆنگرە و بەرنامەکانی هێزی پێشمەرگە بوون بۆیە بەو شێوە بەربڵاو و دژەیاسایی و سەرەڕۆییانە هێرشیان کردە سەر خاکی وڵاتێکی دیکە.

هێزەکانی سوپا لە کاتێکدا بە دەوری ئاگردانی دارستانەکاندا خۆشییان دەکرد و وایان دەزانی کوردستانیان کردۆتە خۆڵەمێش، کە بۆ خۆیشیان باش دەیانزانی کە هێزی چەکدار و چەکی ئەوان تەنیا دەرەقەتی خەڵکی ئاسایی و سیڤیل دێ و ئەوان تەنیا لە مەیدانی چۆڵدا بۆ ئەوەی ئازان کە لە دزفوول و بووشەهر و ... شارەکانی دیکە، بە دۆشکا لە خەڵکی هەژار و ڕەنجەڕۆ بدەن. ئەوان لە کوردستاندا دژە بە ڕۆڵەکانی کورد ئەو بوێرییەیان نییە و بە فڕۆکەی ئینتحاری لە شاخ و ڕەوەزی کوردستان دەدەن.

سەرەڕای چۆنیەتیی کردەوە دزێوەکانیان و پڕوپاگەندە بێبنەماکانیان دوو شت زۆر گرنگ بوو لەم دەورەیە لە پیلانگێڕییەکانی ڕێژیمی کۆلۆنیالیستیی تاراندا:

یەکەم، بە زمان و ڕاگەیەندراوی خۆیان دانیان پێدا نا کە لە سوپای پاسدارانی تیرۆریستیدا یەکەی تایبەتیان بۆ دڕۆنی ئینتحاری کردووەتەوە و ئەو یەکەیەش یەکەم تاقیکردنەوەی لە کوردستان کردووە و لەم پیلانگێڕییەیاندا لە دڕۆنی ئینتحاری بە دژی خەڵك کەڵکیان وەرگرتووە. ئەمە دانپێدانانێکی ڕەسمییە بە تیرۆریستبوونی ڕێژیم کە دەڵێ دژی کەسانێك کە ئەو پێی دوژمنە، لە کردەوەی ئینتحاری کەڵك وەردەگرێ و لە دوورەوە و بێ ئەوەی ئاکامەکەی بزانێ، کردەوەی ئینتحاری بەڕێوە دەبا.

دووهەم، پرسی گرنگی ئەمنیەتییە. ڕێژیمێك کە ساڵانە دەیان میلیارد دۆلار لە سامانی وڵات کە دەبێ بۆ

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پەیامی سەرەخۆشیی لێپرسراوی گشتیی حیزب بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک عوسمان مستەفاپوور



کاک عوسمان مستەفا پوور، قارەمانی زیندانە دۆزەخییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەمڕۆ سێشەممە ١٦ی خەرمانان، دڵی پڕ لە تاسە و ئاواتی لە لێدان کەوت و ماڵاوایی لێ کردین و ڕیزی خەبات و تێکۆشانی بۆ هاوسەنگەرانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەجێهێشت.

شەهید عوسمان مستەفاپوور، بە درێژایی دەیان ساڵ تێکۆشان و لە ماوەی ٢٨ ساڵ مانەوەی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی و خۆڕاگریی لە بەرانبەر هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکی جەستەیی و ڕووحی، بە مانەوەی لەسەر بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەی حیزبەکەی، بەچۆکدا نەهات و سەری بۆ دەسەڵاتی خوێنمژ و ستەمکار نەوی نەکرد.

هیوای ڕزگاریی لە زیندان و گەڕانەوەی بۆ ڕیزی هاوسەنگەرانی دێموکرات، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ورەی پێ دەبەخشی، هەر بۆیە ماوەیەکی کورت لە دوای ئازادبوونی، ڕۆژی ٧ی جۆزەردانی ١٣٩٩ی هەتاوی، خۆی گەیاندەوە سەنگەری ئاوەدانی خەبات و چەکی پێشمەرگایەتی لە شان کردەوە و بەم شێوەیە ئاواتی ڕۆژان و ساڵانی زیندانی وەدیهات. بەڵام بەداخێکی گرانەوە، نەخۆشیی کۆرۆنا دەرفەتی پێ نەدا ماوەیەکی زۆرتر لە خزمەت گەل و حیزبەکەیدا بێ.

کاک عوسمان مستەفاپوور بە ژیانە پڕ بەرهەمەکەی، بە باوەڕ و ئیرادەی بەرزی و بە وەفا و خۆشەویستی بۆ نەتەوەکەی، قوتابخانەیەکی جێگای لێ فێربوون بوو و سەلماندی کە نەتەوەیەک کە ڕۆڵەی ئاوای پەروەردە کردبێ، سەرکەوتنی مسۆگەرە.

ئێمە، هاوسەنگەرانی شەهید عوسمان مستەفا پوور و هاوبیرانی، بۆ لەدەستدانی بەپەرۆشین و بەو بۆنەیەوە، سەرەخۆشیی خۆمان بە هاوسەنگەران و بەتایبەت بە بنەماڵەی سەربەرزی ڕادەگەیێنین و پەیمانی وەفا بە ڕێبازەکەی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دووبارە دەکەینەوە.

**یادی هەتایی و ڕێگای خەباتی بەردەوام**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**١٦ی خەرمانانی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ساڵوەگەڕی کارەساتی ١٧ی خەرمانان

هاونیشتمانییانی خۆشەویست
کۆمەڵانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان

سێ ساڵ پێش ئێستا، سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەممە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی، کۆماری تیرۆریستیی ئیسلامیی ئێران کۆمەڵێك تاوانی دیکەی لە مێژووی پڕ لە تاوان و شوورەیی خۆیدا خولقاند و بنکەکانی حیزبی دێموکرات و بنەماڵەکانی پەنابەرانی ڕۆژهەڵات لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان دایە بەر هێرشی مووشەکی بالیستیک.

لە ئاکامی ئەو هێرشە تیرۆریستییەدا بەداخەوە ١٦ کەس شەهید و نزیک بە ٤٠ کەسیش بریندار بوون کە لە نێویاندا چەندین ژن و منداڵیش وە بەرچاو دەکەوت کە نیشانی دەدا بۆ کۆماری ئیسلامی جیاوازییەک لە نێو تێکۆشەرانی سیاسیی کورد و ژن و منداڵ و خەڵکی ئاسایی کورددا نیە وەهەموو تاکێکی کورد وەکوو دوژمن سەیر دەکات.

هاوکات و لە درێژەی تاوانکاریەکانی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵاتیشدا ڕێژیم بە لەسێدارەدانی سێ زیندانیی سیاسیی شۆڕشگێر سەر بە کۆمەڵە، دەری خست کە ئامانجی لەو تاوانە سامناکانە ئەوەیە کە نەتەوەی سەربەرزی کورد بە چۆکدا بێنی و بە خولقاندنی کەشی ترس و تۆقاندن لە کوردستان و لەو ڕێگەیەشەوە چاوترسێنکردنی خەڵکی ئێران وهەموو ناوچەکە، لە هێزی سەربازیی کاولکەری خۆی بۆ خولقاندنی جینایەت و تاوانی دژە مرۆیی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کەڵک وەربگرێت.

کۆماری ئیسلامی بەو کۆمەڵە تاوانە قیزەونە پێی وابوو خەڵک و خەباتکارانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان چاوترسێن دەکات و ڕەوتی خەبات تووشی ڕاوەستان و نسکۆ دەبێت، بەڵام نەک هەر ئەو خەونەی بەدی نەهات، بەڵکوو یەکگرتوویی و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خەڵک و ڕێکخراوە خەباتگێڕەکانی کوردستانی پتەوتر کرد و ڕیسواییەکی بەربڵاوی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بۆ ڕێژیم بە دوای خۆیدا هێنا کە ڕێژیم چاوەڕێی نەدەکرد.

هەر لەو پێوەندییەدا ڕۆژی ٢١ی خەرمانان، خەڵکی کوردستان لە هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە و نیشتمانپەروەرانەدا بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستیان دایە مانگرتن و دووکان و بازارەکانیان داخست.

ئەوهەڵوێستە بۆ جارێکی دیکە بە ڕێژیمی سەلماند کە پێگەی ڕێکخراوە خەباتگێڕەکانی کوردستان لەنێو دڵی خەڵکی کوردستاندایە و بە لێدانی چەند بنکە و شەهیدکردنی ڕۆڵە خەباتکارەکانی و لە سێدارەدانی چەند خەباتکار، تۆزقاڵێک لە ڕەوایی و پێگە وهێزی بزووتنەوەی کوردستان کەم نابێتەوەو تەنیا ڕیسوایی و ئابڕووچوونی ڕێژیم لە چاوی هەموانەوە ئاشکراتر دەبێت.

لە لایەکی دیکەوە دوابەدوای کارەساتی ١٧ی خەرمانان، شەپۆلێکی بەربڵاو لە پاڵپشتی و هاوسۆزی لەگەڵ حیزبي دێموکرات و کۆمەڵە وخەڵکی کوردستان لە ئاستی کوردستان و ئێران و هەموو ناوچەکە و هەروەها لە ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و تەنانەت لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەسەر ئەو بابەتە کەوتە ڕێ کە بۆ ڕێژیم چاوەڕواننەکراو بوو و بوو بە پەڵەیەکی شەرم و شوورەیی و بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر بۆ ئەو ڕاستییە کە ڕێژیمی ئێران جێگەی متمانە نییە و بە پێچەوانەی بانگەشەکانی خۆی، ئامانج لە پەرەپێدانی توانای سەربازی و مووشەکیی ئەو ڕێژیمە، نەک بەرگری و خۆپاراستن، بەڵکوو هێرشکردن و تیرۆر و کۆمەڵکوژی و تۆقاندنە.

کارەساتی ١٧ی خەرمانان ئەگەرچی ڕۆژێکی تاڵ لە بیرەوەریی نەتەوەی کورد و ئازادیخوازانی ئێران و جیهاندایە، بەڵام پەرچەکرداری شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان زۆر بە خێرایی هاوسەنگییەکەی پێچەوانە کردەوە و لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا شکست و سەرشۆڕییەکی گەورەی بۆ ڕێژیم تۆمار کرد و جارێکی دیکە سەلماندی کە یەکبوون و یەکگرتوویی ڕەمزی سەرکەوتنە وهیچ هێزێکی کاولکەر ناتوانێ ئیرادەی خەبات و یەکگرتوویی نەتەوەی کورد بە چۆکدا بێنێ.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە سێهەمین ساڵیادی کارەساتی ١٧ی خەرمانان و سەرکەوتنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرماناندا، وێڕای نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ شەهیدانی ئەو کارەساتە و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، پێداگریی خۆی لەسەر بەردەوامبوونی ڕەوتی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان ڕادەگەیەنێت و بەڵێن دەدات کە تا گەیشتن بە لووتکەی سەرکەوتنی یەکجاری، لە پێناوی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران ماندوویی نەناسانە خەبات دەکات و لەو ڕێگا پیرۆزەدا لە هیچ گیانبازی و قوربانیدانێک سڵ ناکاتەوە.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٦ی خەرمانانی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# ڕاگەیەندراوی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەبۆنەی شەهیدبوونی هاوڕێ عوسمان مستەفاپوور

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕایدەگەیەنین کە دڵسۆزی نیشتمان و تێکۆشەری دێرینی حیزبەکەمان و پێشمەرگەی ڕۆژانی سەخت، هاوڕێ عوسمان مستەفا پوور بەرەبەیانیی ڕێکەوتی ١٦ی خەرمانانی ١٤٠٠ بەهۆی پەتای کورۆنا لە نەخۆشخانە چووە ڕیزی کاروانی سەربەرزی شەهیدانی نیشتمان.

هاوڕێ عوسمان مستەفا پوور کوڕی حوسێن لەدایکبووی ١٣٤٦ی هەتاوی خەڵکی گوندی "کاسەکەران"ــی ناوچەی پیرانی پیرانشارە. ناوبراو، لە تەمەنی ٧ ساڵیدا دەچێتە قوتابخانە و تا پۆلی سێهەمی ناوەندی درێژە بە خوێندن دەدا.

هەژاری و دەستکورتی ناهێڵێ هاوڕێ عوسمان درێژە بە خوێندن بدا و بۆیە وەک زۆربەی منداڵانی ئامەزرۆی خوێندنی کورد، بە ناچاری واز لە خوێندن دێنێ و وێڕای بنەماڵەکەی مل وەبەر کار دەنێ، تاکوو بتوانێ بژێوی ژیانی بنەماڵەکەی دابین بکا.

بە هاتنە ئارای گۆڕانکاری لە سیستمی سیاسیی دەسەڵاتداری ئێراندا و، هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و دەرکەوتنی ڕووی ڕاستیی ئەو بێچمە دەسەڵاتە و ، هەروەها، سەرهەڵدانی خەباتی نوێی کورد بۆ وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی، هاوڕێ عوسمان مستەفاپوور لە ساڵی ١٣٦٤ ڕوو دەکاتە ڕیزەکانی حیزب و لە هێزی قەندیل سازمان دەدرێ.

هاوڕێ عوسمان لە ساڵی ١٣٦٧ بۆ مەئمووریەتێکی دیاریکراو دەچێتە هێزی ئاگری و ساڵی ١٣٧٠ لە گەڕانەوە لە مەئمووریەتێکی شاری "ورمێ"دا کەوتنە بۆسەی هێزەکانی دوژمن و دوای شەڕێکی قارەمانانە، بە دیل دەگیرێ و دوای ٢٨ ساڵ بەربەرەکانێ و بەرخودان لە بەرانبەر جەلادەکان و ئەشکەنجەگەرانی کۆماری ئیسلامی، دەگەڕێتەوە ڕیزەکانی پیشمەرگەی کوردستان و تا کاتی شەهیدبوونی دڵسۆزتر و ئۆگرانەتر لە جاران درێژە بە ئەرکەکانی حیزبی و نیشتمانیی دا.

هاوڕێی خەباتگێڕ و تێکۆشەر شەهید عوسمان مستەفاپوور پیشمەرگەیەکی بەبیر و باوەڕ و خەمخۆری گەلەکەی بوو، تایبەتمەندیی شۆڕشگێڕانە و تێکۆشانی بێ وچانی لەو ماوەیەدا کە لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی بوو، بوو بە وێردی زمانی هەمووان و پاش گەڕانەوەی ڕیزی شۆڕشگێڕانی دێموکرات بە هەناسەیەکی گەرمەوە دەست بە خەبات و تێکۆشان کرد، هەر بۆیە لەلایەن دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پلەی کادری نیزامی پێدرا و لە دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سازمان درا، لەو ئۆرگانە ئەرکی خۆی بە باشترین شێوە بەڕێوە برد.

**ڕۆحی شاد و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێت.**
**دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**
**١٦ی خەرمانانی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ۲۶ی خەرمانان، ساڵیادی تێرۆری شەهیدانی میکۆنووس



کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان
کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان
ئازادیخوازان

۲۹ ساڵ پێش ئێستا و لە ۲۶ی خەرمانانی ۱۳۷۱ی هەتاویدا کۆماری تێرۆریستیی ئیسلامیی ئێران لە درێژەی زنجیرە تێرۆرەکانی خۆی لە نێو جەرگەی وڵاتانی ئورووپاییدا، تاوانێکی دژەمرۆیی دیکەی لە مێژووی پڕ لە تاوان و سەرشۆڕیی خۆیدا خولقاند و لە پیلانێکی تیرۆریستیی قیزەوندا، دوکتور سادق شەرەفکەندی ناسراو بە "دوکتور سەعید"، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای سێ کەس لە هاوڕێیانی بە ناوەکانی فەتاح عەبدولی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، هۆمایوون ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و نووری دێهکوردی، خەباتکاری ناسراوی ئێرانی و دۆستی حیزبی دێموکرات، لە شاری بێرلینی ئاڵمان بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کران.

دوکتوور شەرەفکەندی کە لە مانگی خەرمانانی ۱۳۷۱ بە مەبەستی بەڕێوەبردنی هێندێک کاروباری سیاسی سەفەری ئورووپای کردبوو، بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست سەردانی وڵاتی ئاڵمانی کرد.

دوای ئەو کۆبوونەوەیە و کاتێک کە لەگەڵ نوێنەرانی چەند لایەنی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن بۆ دیالۆگ و ڕاگۆڕینەوە و گەیشتن بە پلاتفۆرمێکی هاوکاری، لە ڕێستورانی میکۆنووس لە شاری بێرلین لە دەوری یەک کۆ ببوونەوە، تێرۆریستانی ڕێژیم خۆیان گەیاندە شوێنی کۆبوونەوەکە و شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان دایە بەر دەستڕێژ و بە شەهیدکردنی دوکتور سەعید و هاوڕێیانی تاوانێکی تیرۆریستیی دیکەیان خولقاند.

دوابەدوای ئەو تیرۆرە، پۆلیسی وڵاتی ئاڵمان دەست بە کار بوو و لە ماوەیەکی کورتدا توانیی تێرۆریستەکان دەسبەسەر بکات و لە دادگایەکی درێژخایەندا پاش تاوتوێکردنی هەموو بەڵگەنامەکان و بیستنی شایەتیی شایەتحاڵان، سزای یاسایی بۆ تێرۆریستەکان دیاری بکات و لەوەش گرینگتر، بۆ یەکەم جار لە دادگایەکدا کە سەرنجی هەموو جیهانی لەسەر بوو، ڕێبەر و سەرکۆمار و بەشێک لە وەزیران و بەرپرسانی باڵای سیاسی و سەربازی و دیپلۆماتیکی ڕێژیمی ئێران وەکوو بڕیاردەرانی تێرۆریزمی نێودەوڵەتی بناسێنێت و بڕیاری دەسبەسەرکردنیان دەربکات.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانـدا بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵی دا بە گوشار خستنەسەر حکوومەت و دەزگای قەزایی ئاڵمان، هاوشێوەی کەیسی تێرۆری دوکتور قاسملوو و تیرۆرەکانی دیکە، تاوانی خۆی پەردەپۆش و تاوانباران ڕزگار بکات، بەڵام سەربەخۆیی دەزگای قەزایی و گوشاری بیر و ڕای گشتیی وڵاتی ئاڵمان هەموو ئەو پەلەقاژەیەی ڕێژیمی پووچەڵ کردەوە و دادگا بە دەرکردنی بڕیارێکی مێژوویی، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمەی وەکوو بڕیاردەرانی ئەم کردەوە دژەمرۆییە، بە دنیا ناساند و ڕیسواییەکی گەورە و تەریککەوتنێکی بەربلاو داوێنی کۆماری ئیسلامیی گرتەوە.

دادگای میکۆنووس یەکەم بەڵگەی یاسایی نێودەوڵەتییە کە کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمەی وەکوو تێرۆریست و بڕیاردەری تیرۆر ڕیسوا کرد. دەنگدانەوەی بەربڵاوی ئەم حوکمە لە ئاستی نێونەتەوەیی و نێوخۆییدا و هەڵوێستی وڵاتانی ئورووپایی لەمەڕ کشاندنەوەی باڵوێزەکانیان لە ئێران، ڕێژیمی بەرەوڕووی قەیرانێکی قووڵی نێوخۆیی و دەرەکی کرد، بە جۆرێک کە پرۆژەی تیرۆرەکانی دەرەوی وڵاتی بە تایبەتی لە وڵاتانی ئورووپاییدا پەک خست و ڕێژیم بۆ گەڕانەوەی باڵوێزەکان ناچار بوو باجی زیاتر بدات، تەنانەت لە ئاستی نێوخۆییشدا ڕێژیم ناچار بوو بەوەڕێخستنی شانۆگەریی ئیسلاحات و وتووێژی شارستانیەتەکان، وا نیشان بدات کە ئاڵوگۆڕی بەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتیی خۆیدا هێناوە.

تێرۆری میکۆنووس، نە یەکەمین و نە دوایین کردەوەی لەو چەشنەی ڕێژیم بوو بەڵکوو وەک لە کەیسی تەقاندنەوەی بنکەی جوولەکەکانی ئارژانتینیشدا دەرکەوت، جەوهەری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ تێرۆر گرێ دراوە و لێک جیا ناکرێنەوە.

لەم ڕۆژانەشدا و بە هاتنە سەرکاری ڕەئیسی دەبینین کە دوو لە بڕیاردەران و تاوانبارانی داواکراو لە دۆسیەی تێرۆرەکانی میکۆنووس و ئامیا، واتە مۆحسێن ڕەزایی و ئەحمەد وەحیدی لە کابینەی ناوبراودا ئەرکیان پێ سپێردراوە و ئەوە نیشان دەدات کە لە کۆماری ئیسلامیدا تێرۆریزمی دەوڵەتی بەشێکی دانەبڕاو لە پێناسە و ئەرکی بەرپرسان و دەزگاکانی بڕیاردان و بەڕێوەبردنە و هیچ دانوستان و سات و سەودا و تەنانەت هیچ ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتیش ناتوانێ وەها ئاڵوگۆڕێکی جەوهەری بە سەر ئەو ڕێژیمەدا بێنێ کە واز لە تێرۆر و تێرۆریزم بهێنێت.

هەر بۆیە لە ئێستاشدا ڕێژیمی ئێران بە شێوەیەکی ئاشکراتر لە جاران درێژە بە سیاسەتی تیرۆر و کوشتن و تۆقاندن لەنێوخۆ و دەرەوەی ئێران دەدات کە نموونەکانی دەتوانین لە هەڕەشەکانی ئەم دواییانەی لە چالاکان و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران و هێرشی ئاسمانی بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستاندا ببینینەوە.

کۆماری ئیسلامی هەرکاتێک کە هەستی بە لاوازیی هەڵوێستی نێودەوڵەتی لە بەرانبەر دەستدرێژییەکانیدا کردبێت، بە شێوەیەکی بێ سنوور و ڕوو لە زیادبوون، تێرۆر و هەڕەشەکانی تەشەنەی سەندووە و بەپێچەوانەش هەر کاتێک وەک نموونەی بڕیاری ئازایانەی دادگای میکۆنووس لەگەڵ هەڵویستی توند و سیاسەتی گونجاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرەوڕوو بۆتەوە، لانیکەم لە کردەوەدا پاشەکشەی کردووە و گەڕاوەتەوە نیو قاوغی خۆی.

هەر بۆیە ئێمە وەکوو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ۲۹هەمین ساڵوەگەڕی کارەساتی تێرۆریستیی میکۆنۆسدا وێڕای بەرزڕاگرتنی یادی شەهید دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی و هەموو ئازادیخوازانی قوربانیی دەستی تێرۆر و تاوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دەکەین لە بەرامبەر ماشینی تێرۆر و کوشتن و کاولکاریی ڕێژیمی ئێران و بەتایبەتی هێرشەکانی ئەم ڕۆژانەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، کە بووەتە هۆی کاولکردنی ژینگە و تۆقاندنی خەڵکی مەدەنی و تێرۆری چالاکانیی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن، بێدەنگ نەبن و بزانن کە تا کاتێک کە هەڵوێستی شیاویان لە بەرانبەر ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامیدا نەبێت، نەک هەر ئازادیخوازانی کورد و گەلانی ئێران بەڵکوو هیچ کەسێک لە هیچ شوێنێکی ناوچە و جیهاندا لە مەترسیی تێرۆر پارێزراو نابێت.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**۲٤ی خەرمانانی ۱٤۰۰ی هەتاوی**
**۱۵ی سێپتامبری ۲۰۲۱ی زایینی**

# لە کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاری بۆ کۆمەڵێک پرسی نیشتمانی بڕیاری پێویست درا

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بەشداری بەرپرسانی یەکەمی حیزبەکانی بەشداری ناوەندی هاوکاری و هەروەها هەیئەتەکانی بەشداری ناوەند بەڕێوە چوو.

سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ۲٦ی خەرمانانی ۱٤۰۰ی هەتاوی بەرانبەر ۱۷ی سپتامبری ۲۰۲۱ی زایینی، کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بەشداریی بەرپرسانی یەکەمی لایەنەکان و هەروەها هەیئەتەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

سە ر ە تا ی Hکۆ بو و نە و ە کە لەلایەن"محەممەدنەزیف قادری" بەرپرسی هەیئەتی ناوەندی هاوکاریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ۲٦ی خەرمانانی (میکۆنووس) و هەموو شەهیدانی کوردستان چەند ساتێک بێدەنگی ڕاگەیەنرا و دواتر وێڕای بەخێرهاتنی میوانەکان، بەرنامەی کاریی کۆبوونەوەکەی خستە بەر نەزەری بەشداربووان و پاش پەسەندی دەستووری کار، داوای لە "مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەرپرسی دەورەیی ناوەند کرد کە لەو بارەوە باسەکەیان پێشکەش بکەن.

ناوبراو سەبارەت بە مژار و بابەتەکانی کۆبوونەوەکە ڕاپۆرتێکی پێشکەشی بەشداربووان کرد کە مژاری سەرەکی بریتی بوو لە هەڕەشەکانی فەرماندەرانی سپای پاسداران و تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکان و بنکەکانی هێزی پێشمەرگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات.

بەشدارانی دوای تاوتوێکردنی باس و بابەتەکان ڕا و سەرنجی خۆیان خستە بەر نەزەری هەمووان و لە کۆتاییدا کۆمەڵێک بڕیار و ڕاسپاردەی گرینگ و عەمەلی دەست نیشان کرا. هەروەها سەبارەت بە هێندێک پرسی نیشتمانی پەیوەندیدار بە لایەنەکانی دیکەوە ئاڵوگۆڕی بیر و ڕا کرا و بڕیاری پێویستیش لەو بارەیەوە درا.

لە کۆبوونەوەکەدا تیشک خرایە سەر هێرشەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان و بنکە و بارگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سنوورەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵات؛ هەروەها نائەمنکردنی ئەو سنوورانە بەهۆی تۆپخانەکانی ڕێژیم و پەهپادە ئینتحارییەکانی سپای پاسدارانی و پێکهێنانی کەشی ترس و دڵەڕاوکێ بۆ دانیشتووانی ئەو سنوورانە و کۆمەڵانی خەڵکی ئەو دەڤەرە.

کۆبوونەوە وێڕای مەحکوومکردنی سیاسەتی چەوت و نابەرپرسانەی بەرپرسان و فەرماندەرانی سپای تێرۆریستی پاسداران و پێکهێنانی فەزایەکی پڕ لە مەترسی بۆ سەر خەڵکی ئەو ناوچانە، داوای لە ڕای گشتی کرد کە ئەم کردەوە نابەرپرسانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران مەحکووم بکەن و لە بەرانبەر سەرەڕۆییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دەستێوەردانی ئاشکرا و پێشێلکردنی سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستانە بێدەنگ نەبن و سنوورێک بۆ ئەو کارە نامرۆڤانەی دیاری بکرێ.

کۆبوونەوە وێڕای سپاس و پێزانینی خۆی لە هەموو ئەو حیزب و لایەن و کەسایەتیانەی کە لە بەرانبەر ئەم هێرشانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و نائەمنکردنی کەشی سیاسی کوردستان، هاودەردی و پشتیوانیی خۆیان لە بزووتنەوەی مافخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانیان لە ناوەندی هاوکاری کردووە، پێزانینی خۆی دەردەبڕی و سپاسیان دەکات و هەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتمانی ئەوان بە بایەخەوە چاو لێ دەکات.

ناوەندی هاوکاری سپاسی هەموو ئەو ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییانە دەکات کە بە شێوازی جۆراوجۆر داکۆکیکاری مافی مرۆڤن و لەو ماوەیەدا پشتیوانیی خۆیان لە بزووتنەوەی کورد و هێزی پێشمەرگە و تێکۆشەرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربڕیوە.

هەروەها پێزانینی خۆی لە پەیوەندی بە هەموو ئەندامانی تێکۆشەری هێزە سیاسییەکانی کوردستان، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە لە نارەزایەتی دەربرین بە تاوانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پشتیوانی بزووتنەوەی مافخوازی کورد بوون دەکات.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا ڕاپۆرتی کاریی ۲ی کۆبوونەوەی هەیئەتەکانی ناوەند سەبارەت بە ۲ پرسی گرینگ لەلایەن هەیئەتی ڕاسپێردراوە باس کرا و کۆبوونەوەکە وێڕای دەسخۆشی و ماندوونەبوون لە هەیئەتەکان جەختی کردەوە بۆ هەر کام لەو دوو بابەتە ناوەند ڕێوشوێنی پێویست دیاری بکات.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**۲٦ی خەرمانانی ۱٤۰۰ی هەتاوی**
**۱۷ی سێپتامبری ۲۰۲۱ی زایینی**

## درێژەی پەیڤ

ئاوەدانی و تەندروستی و کار و ژیانی خەڵکی هەزینە بکا، بۆ سوپای پاسداران و گرووپە تیرۆریستییەکانی تەرخان دەکات و بە دەیان هەزار هێزی سەرکوتکەر و دەیان هەزار سیخوڕ و دامودەزگایەکی دوورودرێژی ترس و دڵەڕاوکێ دروستکردن و سیخوڕی بەسەر خەڵکی نێو ئێران و نەتەوەکانی ئێرانی وەگەڕ خستووە، بەڵام بە وتەی خودی بەرپرسانی پلەبەرزی ڕێژیم و فەرماندە هەرە پلەبەرزەکانی نیزامی و سوپا و هێزی چەکدار، بوونی تیمێکی چەند کەسیی پێشمەرگە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات تەواوی سیستم و دامودەزگای ویلایەتی فەقیهی وەمەترسی دەخا و ئەمنیەتەکەیان لێ بەتاڵ دەبێتەوە!

ئەم بابەتە گرنگە، بە دانپێدانانی خودی ڕێژیم نیشانی دەدا کە هەر سیستمێکی دیکتاتۆری کە هەرچەند دڕندە و هەرچەند پڕچەکیش بێ و تەنانەت گەر چەکی ناوکیش بە دژی خەڵکی وڵاتەکە بەکار بێنێ، تا چ ڕادەیەك لەرزۆکە و بە دروشمی لاوێك و بە گەڕانی تیمێکی چەند کەسیی پێشمەرگە تەواوی هەیبەت و ئەمنیەتی پووشالّیی تێك دەڕووخێ و خەو لە چاوی ڕێبەرەکەیان و هەموو فەرماندە و بەرپرسە تیرۆریستییەکەیان ئاڵۆز دەکا! وەها ڕێژیم و سیستمێك بەدڵنیاییەوە لە زەمانێکی نەك زۆر دووردا و بە ساناترین شێوە دادەڕووخێ و هەرەس دێنێ و سەری فەرماندە نیزامییەکان و بەرپرسانی ڕێژیم بۆ پێڵاوی منداڵانی نەتەوەکانی ئێران نەوی دەبێ.

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ۲۹ ساڵەی تێرۆری «میکۆنووس»

گەلانی بە شەرەفی ئێران!
خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!
کادر، پێشمەرگە و ئەندامە تێکۆشەرەکانی حیزبی دێموکرات!

۲۹ ساڵ لەوەپێش کاتێک تێرۆریستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر مێزی بەناو وتووێژ دوکتور "قاسملوو"یان تێرۆر کرد، دوکتور "سادق شەرەفکەندی" ناسراو بە دوکتور "سەعید" بە لێوەشاوەییەوە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە ئەستۆ گرت و ئاڵای خەباتی لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەمان شەکاوە ڕاگرت.

ئەو کە لە مەکتەبی خۆڕاگریی دێموکراتدا پەروەردە ببوو ئەرکەکانی بە جۆرێک بەڕێوە برد کە بێ "قاسملوو"یی بە حیزبی دێموکراتەوە زۆر بە کەمی دیار بێ ، هەر ئەمەش وای کرد کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێنێتە سەر ئەو باوەڕە بۆ جارێکی دیکە و بە مەبەستی لاوازکردنی حیزبەکەمان پیلانی تێرۆری دوکتور "شەرەفکەندی" دابڕێژێ.

لە سێپتامبری ساڵی ۱۹۹۲ی زایینی دوکتور "سادق شەرەفکەندی" بە سەرپەرەستیی وەفدێک بە مەبەستی بەشداریکردن لە نۆزدەهەمین کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سوسیالیست چوو بوو ئاڵمان. پاش کۆتایی کاری کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ، بە مەبەستی بیر و ڕا گۆڕینەوە لەگەڵ چەند کەسایەتی لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە ئاڵمان لەسەر چۆنییەتی ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کۆبوونەوەیەکی لە ڕێستۆرانی "میکۆنووس" لە "بێرلین" ڕێک خستبوو.

لە ۲٦ی خەرمانانی ساڵی ۱۳۷۱ی هەتاوی بەرامبەر بە ۱۷ی سێپتامبری ساڵی ۱۹۹۲ زایینی لە کاتی وتووێژدا، دوکتور "سادق شەرەفکەندی" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ "فەتاح عەبدولی" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات؛ "همایون ئەردەڵان" نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئاڵمان، "نووری دێهکوردی" دۆستی لە مێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم ڕێستۆرانەدا کەوتنە بەر دەستڕێژی گوللەی تێرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و شەهید کران.

ئەم تێرۆرە لەلایەن کۆمیتەیەکی باڵای ڕێژیم بە ناوی "کمیته عملیات ویژە" کە لە گەورە بەرپرسانی ڕێژیم پێک هاتبوو، بەرنامەڕێژی و بڕیاری لەسەر درابوو.

ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بریتی بوون لە:
۱. عەلی خامنەیی ڕێبەری نیزام ۲- هاشمیی ڕەفسەنجانی سەرکۆمار۳- عەلی ئەکبەر ویلایەتی وەزیری دەرەوە ٤. عەلی فەلاحیان وەزیری ئیتلاعات و فەرماندەری سپای پاسدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

دادگای "میکۆنووس" لە ۲۸ی ئۆکتۆبری ساڵی ۱۹۹۳ زایینی کرایەوە و لە ڕێکەوتی ۱۰ی ئاپریلی ۱۹۹۷ی زایینیدا حوکمی خۆی سەبارەت بەو تێرۆرە ڕاگەیاند. لە حوکمی دادگادا ئاماژە بە ئامرانی ئەو تێرۆرە درابوو کە هەمان ئەندامانی "کمیتە عملیات ویژە" بوون. پاش دەرچوونی ئەم حوکمە ئورووپاییەکان باڵوێزەکانی خۆیان لە ئێران بانگ کردەوە و ئەم کردەوە تێرۆریستییەیان مەحکووم و ڕیسوا کرد.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە تێرۆری "ڤییەنا"دا توانیبووی بە هەڕەشە و سات و سەودای بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتی "ئۆتریش" پێش بە ڕەوتی دادگاییکردنی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی بگرێ، دیهەویست بە هەمان تاکتیک پێش بە ڕەوتی دادگای "میکۆنووس" بگرێت و خۆی و تێرۆریستەکانی لێ دەرباز بکات، کە بە خۆشییەوە ویست و ئیرادەی دەزگای دادوەریی ئاڵمان و بە تایبەت ئیرادەی قازییە "ئاڵمان"ییەکان بۆ پاراستنی سەربەخۆیی دەزگای قەزایی وڵاتەکەیان، بە سەر فشار و هەڕەشەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا سەر کەوت و دادگا ئەرکی یاسایی خۆی بەجێ گەیاند.

ئێستا کە یادی ۲۹هەمین ساڵڕۆژی تێرۆری "میکۆنوس" دەکەینەوە، دەبینین دەزگای تێرۆر و سەرکوتی ڕێژیم هەروا چالاکە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا چەند هەوڵێکی تێرۆریستی لە دژی خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی لە باشووری کوردستان بەڕێوە بردووە کە تازەترینیان تێرۆری کاک "مووسا باباخانی" تێکۆشەری دێموکرات بوو.

لە جەرگەی ئورووپاشدا چەندین پیلانی تێرۆریستیی ڕێژیم پووچەڵ کراونەتەوە و لە چەند وڵاتێکیش بۆ وێنە، لە "بلژیک و سوئید" تێرۆیستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران سزای بەندکرانیان بە سەردا سەپاوە.

فەرماندەی هێزی وشکانیی سپای پاسداران "محەممەد پاکپوور" و باقی مۆرەکانی ڕێژیم بە بێ ئەوەی گوێ بدەنە هیچ ڕێوشوێنێکی نێونەتەوەیی، ملهۆڕانە هەڕەشەی درێژەدان بە تۆپباران و بۆمباران دەکەن. جیهانی بەرژەوەندیخوازیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، لە ئاست ئەم هەڕەشە و یاساشکێنیانەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەروا چاولێکەر و بێدەنگە.

لە درێژەی ئەم سیاسەتەدا، ڕێژیم لە ڕۆژی ۱۸ی خەرمانان بەهۆی فرۆکە و تۆپخانەوە هێرشی کردە سەر بنکەکانی هێزی پێشمەرگە لە شاخ کە بە خۆشییەوە بەهۆی وریایی پێشمەرگەکان زیانی گیانیان بەر نەکەوت .

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

لە ڕێوڕەسمی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتدا، "ئیبراهیم ڕەیسی" سەرکۆماری دیاریکراوی ڕێژیم کە دەبوو دەستنیشانی ئەو کەم و کوڕی و قەیرانانە کە بەرۆکی وڵاتیان گرتووە، بکات و ڕێگاچارەی دەربازبوون لێیانی پێشکەش کردبایە، هیچ ئاماژەیەکی پێنەدان و ڕێکارێکی ڕوونی بۆ چارەسەریی ئەو قەیرانانە کە بەرهەمی سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیمن و ئێران بەرەو کارەسات دەبن، نەخستە ڕوو.

لە جێگای ئەوە، "ڕەیسی" ڕاست هاتە سەر کاکڵی ئەو مەبەستە کە ئەویان بۆ دەست نیشان کردووە و ڕایگەیاند کە: ئەو "پارێزگاری لە میراتی شۆڕش دەکات و بەرنامەکانی لەگەڵ ئەو چوارچێوەیە یەکانگیرەدەکات کە ڕێبەری نیزام مەبەستیەتی"، ئەمەش بە مانای بەرخورد بە هەر دەنگێکی نارازی و درێژەدان بە سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگ و چالاکترکردنی گرووپە تێرۆریستییەکان و ئاژاوەگێڕی لە ناوچەکەدا دێت.

هاووڵاتییانی بەڕێز!

ڕێژیم لە هاتنە سەرکارییەوە بە مەبەستی هەناردەکردنی "شۆڕش" بۆ دەرەوە دەستی دایە دروستکردنی گرووپگەلی تێرۆریستی لە ناوچە و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوکی.

ئەم سیاسەتەی ڕێژیم بە هەڕەشەی ئاشکرا لە دژی وڵاتانی ناوچە دەستی پێکرد، هەر بۆیە جیهانی ئازاد دژی ئەم سیاسەتانە وەستایەوە و چەند ساڵێکە گەمارۆیەکی ئابووریی نێونەتەوەیی تاقەت پڕۆکێنیان خستووەتە سەر ئێران کە تێچووی ئەم سیاسەتە ئاژاوەگێڕانەیە، زیاتر لەوەی لەسەر ڕێژیم بکەوێ بەرۆکی خەڵکی ئێرانی گرتووتەوە.

شوێندانەریی ئەو گەمارۆیانە لە "ئێران"دا، بێکاری و هەژارییەکی لەڕادەبەدەری بۆ خەڵک لێ کەوتووەتەوە کە ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر خەڵک بەرەو هەژارتر بوون دەبات. ئەم بێکاری و هەژارییە دەیان دیاردەیماڵوێرانکەری کۆمەڵایەتی لێ کەوتووەتەوە و لە ئاکامی ئەو وەزعە نالەبارەدا نارەزایەتی خەڵکی بەدواداهاتووە و چاوەڕوانیی پەرسەندنی دەکرێ.

ڕێژیم کە توانای چارەسەرکردنی قەیرانەکان و ئەو هەلومەرجە نالەبارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی نییە، وەک هەمیشە پەنا دەباتە بەر سەرکوت و زەبروزەنگ و دیهەوێ بە ترساندنی خەڵک چەند ماوەیەکی دیکەش درێژە بە دەسەڵاتە سەرەڕۆیانە و داپڵۆسێنەرەکەی بدات، بەڵام وەک دوکتور "شەرەفکەندی" لە پەیامی پەیمان نوێکردنەوە دوای شەهیدبوونی دوکتور "قاسملوو"دا دەڵێ :"لەمێژە گووتوویانە کە قەبووڵی زوڵم لە خودی زوڵم خراپترە، ئەگەر بمانهەوێ دەرسەکانی دوکتور قاسملووی نەمر لەیەک دەرسدا کورت بکەینەوە ئەم دەرسە ئەوەیە کە سەرنجی ئێمەی بۆ لای هێزی خۆمان ڕاکێشاوە و تێی گەیاندووین کە ئەگەر متمانەمان بەخۆمان بێ و پشتی یەکتر بگرین، خاوەنی وەها توانایەکی گەورەین کە قەڵای زۆرداران وەلەرزە دەخا و تووشی پەلە قاژەی مەرگیان دەکات".

لە چوارچێوەی خستنەسەرێکی ئەو وزە و توانایانەدا کە ڕێبەرانی شەهیدمان ئاماژەیان پێ داوە، پێداویستیی پێکهێنانی بەرە یا هاوبەندییەکی سیاسی لە هەموو کاتێک زیاتر هەست پێ دەکرێ.

حیزبی ئێمە ئامادەیە و تێکۆشاوە لەگەڵ هەموو ئەو هێز و ڕێکخراوە "ئێران"ییانە کە ئامانجیان ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیکە کە لەودا مافی نەتەوەکانی ئێران لەبەرچاو گیرابێ، دیالۆگ بکا و هاوپەیمانی پێک بێنێ.

ڕوونە یەکگرتوویی حیزبە خەباتگێڕەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە پێشەوەی ئەو هەوڵ و تێکۆشانە دایە، لەبەر ئەوەی یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات مافەکانمان لەبەرامبەر هەر ئەگەرێک لە داهاتوودا دەستەبەر دەکات.

**سڵاو لە شەهیدانی "میکۆنووس"**
**سەرشۆڕی و نەمان بۆ ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی سیاسی**
**۲٥ی خەرمانانی ۱٤۰۰ی هەتاوی**
**۱٦ی سێپتامبری ۲۰۲۱ی زایینی**

# کوردستان یادی شەهیدانی خەرمانانیان بەرز ڕاگرت

تێکۆشەرانی دێموکرات و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، لە سەرتاسەری کوردستان وەک نەریتی ساڵانە و لە بەرەبەری ساڵیادی شەهیدکرانی د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بەشێوەی بەرین چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

شنۆ:

ڕۆڵەکانی دێموکرات لە فەلەکەی "سینگان"ـی شاری "شنۆ" بە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان و شەهیدی نوێی گەلەکەمان شەهید "عوسمان مستەفا پوور" نوێ کردەوە. هەروەها لە گەڕەکی "سەیداوێ"ـی شنۆ ئەم چالاکییانە بەڕێوە چوون.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بە درووشمی "سڵاو لە شەهیدان، سڵاو لە شەهید عوسمان مستەفاپوور و سەرکەوێ ڕاسان" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و ئامادەبوونی خۆیان بۆ هەر چەشنە ئەرکی حیزبی ڕاگەیاندووە. ئەم چالاکییانە هەروەها لە گوندەکانی ئالیاوێ، نەڵیوان، بێژاوێ، قەزەناوێ، نەرزیوێ و قوڕوشاوێ ، شاوانێ و گرکاشان بەڕێوە چووە.

لە درێژەی ئەم چالاکییانەدا لە گوندەکانی "حەسن نووران، سەوجە، چەپەراوێ، گورگاوێ، پەردئاوێ، قۆرشاوێ" لە چالاکییەکی تەبلیغییدا بە بڵاوکەردنەوەی تراکتی تایبەت بە ۲٦ی خەرمانان و وێنەی شەهید "عوسمان مستەفاپوور" و نووسینی دروشم، پەیمانیان لەگەڵ شەهید دوکتور"سادق شەرفکەندی" و نوێترین شەهیدی حیزبەکەمان شەهید "عوسمان مستەفا پوور" و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان نوێ کردوە و بەڵێنیان دا هەتا سەرکەوتن دەست لە خەبات هەڵنەگرن.

ئیلام:

لە ئیلام شۆڕەسوارانی دێموکرات بۆ پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهید دوکتور "سادق شەرەفکەندی" و هاوڕێیانی لە "مەلەکشایی، ئاودانان، شەقامی بەسیج، چوارڕای کوشتارگ، مزگەوتی پێغەمبەری گەورە، ئەموزشگای شۆفێریی پێدرام، شەقامی ئەرغەوان و پەژووهش سەرا" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

پیرانشار:

هەر بەم بۆنەوە لە "پیرانشار" لاوانی دێموکرات بە هەڵدانی ئاڵای کوردستان و نووسینی دروشم چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و خۆیان بە قوتابیی ڕێگای دوکتور "سادق" وەسف کردووە.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری پیرانشار لە "سێڕیانی شیناوێ، سەرین چاوێ و گوندی گەزگەسک" لە چالاکییەکی بەرینی تەبلیغیدا یادی دوکتور "سادق شەرەفکەندی"یان بەرز ڕاگرت و هەروەها بە بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهید "عوسمان مستەفا پوور" نوێترین شەهیدی گەلەکەمان پەیمانی وەفادارییان بە ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە. لە گوندی دایەشێخی، کەمەربەندیی ئیمام جومعە، شەقامی لالە، تالاری خەیام، ڕێگای شیناوێ، کەمەربەندیی شیناوێ،مزگەوتەکانی حەزرەتی عومەر، حەزرەتی محەممەد، محەممەد ڕەسووڵەڵڵا، گەڕەکی سوتاو، قوتابخانەی ئەندێشە، قوتابخانەی ئینقلابی ئیسلامی و وروودیی شیناوێ لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان بۆ پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی دوکتور "سادق شەرەفکەندی" و هاوڕێیانی چالاکییان بەڕێوە برد.

هاوکات قارەمانانی دێموکرات لە شاری "پیرانشار" لە گوندی "بێکۆس"ـی ناوچەی بەری مێرگان، بەبۆنەی یادی شەهیدکرانی دوکتور "سادق شەرەفکەندی" و پشتیوانی لە ڕاسان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان چالاکی تەبلیغییان ئەنجام داوە.

سەقز:

لە شاری "سەقز" ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ۲٦ی خەرمانان لە گوندی "گەورە قەڵا" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

پێشمەرگەکانی شار لە "سەقز" بەبۆنەی ۲٦ی خەرمانان بە ڕۆژی ڕووناک ئاڵای "کوردستان"ـیان لە بەرزاییەکانی پارکی "کەوسەر" هەڵکرد کە بوو بەهۆی خۆشحاڵیی خەڵک.

سنە:

لە شاری "سنە"تێکۆشەرانی دێموکرات لە گەڕەکەکانی "غەفوور، شارەک سەعدی، شارەک، باوەڕێز، ئاوایی قوڵیان و نەنەڵە" زیاتر لە هەزار و ٥۰۰ تراکت و پۆستێری تایبەت بە ۲٦ی خەرمانانیان بڵاو کردووەتەوە و پێداگرییان لەسەر ڕێبازی شەهیدان دووپات کردوە.

ئەندامانی دڵسۆز و چاونەترسی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی "دێولان و لەیلاخی" سنە بۆ بەرزڕاگرتنی یادی دوکتور "شەرەفکەندی" تراکت و پۆسترێری تایبەتیان بڵاو کردوە.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: "کەریم ئاوا، تازاوا، سراوقات، جادەی نێوان دێولان کامیاران، جادەی نێوان دێولان سونقور، هەروەها بەشێکی زۆر لە گەڕەک و کۆڵانەکانی شارەدێی بڵوان، ئاوای لەیلاخ، ناوشاری دێولان گەڕەکی شافعی، گەناوە، جادەی بلوار جاشەکان، بلوار کشاوەرز، بلوار شافعی، شەقامەکانی نەخۆشخانەکانی بەناو "شوهەدا"ی شارەدێی بڵوان ئاوا، ئاوایی کێلەگلان، هەوارپان، ڕمشت و دگن".

لە چالاکییەکی دیکەشدا لە سنە تێکۆشەرانی دێموکرات جیا لە بەردەم ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە نایسەر و قوروچای چالاکی بەرینی تەبلیغییان بۆ مەحکوومکردنی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئەنجام داوە.

بەشێک لەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغی تێدا بەڕێوە چووە بریتییە لە: "چەم کەرسی، جادەی گەنمان، وروودیی حەسەن ئاوا و ئاویەر و هەروەها گەڕەکەکانی "غەفوور، شارەک سەعدی، شارەک، باوەڕێز، ئاوایی قوڵیان و نەنەڵە" بووە.

بانە:

لە "بانە" شۆڕشگێڕانی دێموکرات بۆ پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدانی "میکۆنووس" لەڕێگاکانی "چیچۆڕان، کەریم ئاوا، بۆیەن، ئەنجیلە، سورێن، ئارابا و پیرموراد" هەروەها لە هەندێک شەقامی نێو شار و شوێنە گشتییەکان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

مەهاباد:

لە ناوچەی شاماتی مەهاباد لە گوندەکانی "قوڵەسەن و بەفروان" تێکۆشرانی دێموکرات چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

لە "بۆکان" لاوانی دێموکرات بەبۆنەی ۲٦ی خەرمانان لە گوندی "ئاڵبلاغ" ناوچەی "فەرهادتاش"ـی بۆکان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

هەروەها لە شاری "بۆکان" لە زۆربەی گەڕەک، شەقامەکان و شوێنە گشتییەکانی نێوشار بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری نەمر دوکتور "سادق شەرەفکەندی" و ئاڵای کوردستان و ئارمی حیزبی دێموکرات چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری بۆکان بە دروستکردنی "برچسپ" بە ئاڵای کوردستان و ئارمی حیزب لە ئیداراتی دەوڵەتی وەک "فەرمانداری بۆکان، شارەداری و شورای شار،پاساژی شارەدارییی، موجتەمەعی ئیداراتی بۆکان، نەخۆشخانەی بۆکان، نەخۆشخانەی کۆن، زانکۆی ئازاد، پیام نوور و عیلمی کاربوردی و هونەرستانی "موفەتح" کار و چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هەروەها لە شارۆچکەی "ڕەحیم خان" سەر بە شاری "بۆکان" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.

هاوکات شۆڕشگێڕانی دێموکرات لە کێوی "تەرەغە، مەنبەعی ئاو" و زۆربەی گوندەکانی ناوچەی "فەیزوڵڵابەگی"ـی شاری بۆکان چالاکیی بەرینی تەبلیغی کراوە. ئەم چالاکییانە هەروەها لە شارەکانی پاوە، جوانرۆ، سەلاسی باوەجانی، دزەی مەرگەوەر و گوندەکانی نییەر و تەنگیسەر بەشێوەیەکی بەرچاو بەڕێوە چوون.

لەلایەکی تریشەوە ڕێکخراوی "موجاهیدینی خەلقی ئێران" لە تێلێڤیزیونی خۆیدا لە پێوەندی لەگەڵ هەڕەشە و تۆپبارانکردنی ناوچە شاخاوییە کوردستان پشتیوانیی خۆی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان ڕاگەیاند.

ئەو ڕێکخراوە لە تێلێڤیزیونی خۆیدا بۆ پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگە و خەباتی گەڵی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چەندین کار و چالاکی کە لە شارەکانی ئێران بەڕێوە چووە بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و سروودی شۆڕشگێڕانە بڵاو کردووەتەوە.

لەو چالاکیانەی کە لە شارەکانی وەکوو: "تاران، کەرج، زەنجان، سێمنان، نیشابوور، تۆربەت حەیدەرییە، کاشمەر، ئەندیکای خوزستان، کوهدەشت و مەرودەشت" بەڕێوە چووە بنێرەکانی "خامنەیی، قاسم سێلمانی" ئاڵای ڕێژیمی ئێران و تابلۆکانی ئیدارەکانی بەسیج و ئیتلاعات و چەندین بنکەی دیکەی ڕێژیم سوتێندراون.

پێشتریش ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق بەنیسبەت بوردومانی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان ڕایگەیاندبوو: "ڕێژیمی کوردکوژی ویلایەتی فەقیە دەست لە تۆپبارانی برایان و هاووڵاتییانی کورد لە ناوچە سنوورییەکان هەڵناگرێت و جیددیتر دەبێتەوە. بۆ پاشەکشەپێکردنی ڕێژیم لە تۆپبارانکردنی خەڵکی بێ تاوان و حیزبە کوردییەکان لەو ناوچەیە دەبێ لە شارە ستملێکراوەکانی کوردستانی ئێران و سەراسەری ئەو وڵاتە وەکوو خوزستان نارەزایەتی دەرببڕێت".

# دوکتور شەرەفکەندی: ئینتلێکتوێلێکی خەباتگێڕ

ئیبراهیم لاجانی

بەشی یەکەم

لە سەرەتادا وەک کەسێک کە ساڵانێک لە نزیکەوە لە خزمەت کاک دوکتور شەرەفکەندیدا ئەرکی حیزبیم بەڕێوە بردووە و لەبەردەستی ئەودا لە کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن و ئینتیشاراتی حیزبدا کارم کردووە تێدەکۆشم، بەشێک لە ڕوانگەکانی خۆم لەپێوەندی لەگەڵ کەسایەتی خەباتگێڕانەی ئەو نەمرەدا بخەمە بەرباس.

شەهیدانمان بەگشتی و بەتایبەتی شەهیدانی ڕێبەرمان سەرچاوەی ئیلهام و سەرمەشقی خەباتن بۆ ئێمەو نەوەکانی داهاتووی میللەتەکەمان بۆیە لەسەرمانە لە خسڵەتە بەرزە ئینسانییەکانی ئەوان فێربین و ئەو نرخ و بەهایانەی ئەوان کاروخەباتیان بۆ کردن، بەرینە پێش. ئەوەش بەوە دەکرێ کە ناو و یادیان بەرز و ئاڵای ئامانج و ڕێبازەکەیان هەروا شەکاوە ڕاگرین و لە ژیان و خەباتیان فێربین.

باسەکەم بەوە دەست پێدەکەم کە ئینتلێکتوێل کێیە؟ پاشان ئەوە ڕوون دەکەمەوە کە ئەرک و ڕیسالەتی ئینتلێکتوێل و ڕووناکبیر چییە؟ جا دوایە کاک سادق لە بەرتیشکی ئەو باسەدا و لە ڕوانگەی ئەزموونەکانی خۆم لە کارکردن لەگەڵ ئەودا و نەخشی ئەو لە بزووتنەوەدا هەڵدەسەنگێنم.

دواتر ئەوە باس دەکەم کە کاک سادق بۆ خەباتی دەکرد؟ بۆ ڕێگای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هەڵبژاردبوو؟ چی دەویست؟ بۆ ڕێگای شۆڕشی هەڵبژاردبوو؟ بۆ ژیان و زانایی و ماڵ و سەروگیانی خۆی بۆ خەبات تەرخان کردبوو؟ بۆ هاتبووە مەیدانی خەبات؟

لە کۆتایی باسەکەشدا باسی ئەوە دەکەم کە ئێستا دەبێت چی بکەین؟ چۆن ڕێبازی ئەو شەهیدانە درێژە بدەین و ئەرکی ئێمە لەوبارەوە چییە؟

## کاک سادق شەرەفکەندی وەک ئینتلێکتوێلێکی خەباتگێڕ!

مەبەست لە دەسەڵات، دەسەڵاتی بڕیاردان و سیاسەتسازی و سیاسەتدانان سەبارەت بە مەسەلەکانی پێوەندیدار بە کاروباری کۆمەڵە. لەوەش زیاتر بریتییە لە توانا و ئیرادە و ئۆتۆریتە بۆ بردنەپێشی ئەو سیاسەت و بڕیارانە و پیادەکردنیان.

دەسەڵات وەک سیاسەت هەویرەترشەی پێوەندییە ئینسانییەکانە. چۆن ماتۆڕی ماشێنێک بێ ڕۆن کار ناکات، سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسیش لە کۆمەڵدا هەمان ڕۆڵیان هەیە. کۆمەڵ بە بێ ئەوان هەڵناسوڕێ واتە کۆمەڵگای ئینسانی بی سیاسەت و یاسا و ئیدارە و ئۆتۆریتە لێک هەڵدەوەشێ و ڕادەوەستێ.

دەسەڵات بۆ ئەوەی وەک پێویست کار بکات دەبێت ڕەوابێت، دیارە دەسەڵاتی ناڕەواش هەیە. دەسەڵاتی ڕەوا ئەو دەسەڵاتەیە کە لەلایەن ئەو کەسانەوە کە دەسەڵاتیان بەسەردا بەڕێوە دەبردرێ واتە لەلایەن خەڵکەوە، قبووڵ بکرێ. لەلایەکی دیکەشەوە پێویستە لەلایەن ئەکتەرەکانی دیکەشەوە وەرگیرێ یا بناسرێ.

لە یاسای نێونەتەوەییدا، ڕەوابوونی دەسەڵات (legitimation) زۆرتر لە ئیقتداری حکومەتییەوە سەرچاوە دەگرێ تا لە قانوون و قانوونمەدارییەوە. ئەوە ئەزموونی سەدساڵی ڕابردوویە.

ئێستا بزانین ئینتلێکتوێل کێیە؟ ڕووناکبیر کێیە؟

ڕووناکبیر پێناسەی جۆراوجۆری هەیە بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دوو تاریفی سەرەکیمان بۆ ئەو دیاردەیە هەیە.

"سارتەر" ڕووناکبیر و ناڕەزایەتی لێک گرێدەدا واتە لە ڕوانگەی ئەوەوە ڕووناکبیر کەسێکە کە لە وەزعی مەوجود نارازییە و ڕەخنەی لێدەگرێ و دەیهەوێ تێکی بدا.

"ڤاسلاڤ هاڤێل"ی چێکی، بە جۆرێکی دیکە تاریفی ڕووناکبیر دەکا و دەڵێ ڕووناکبیر ئەو کەسەیە خۆی و تەمەن و لێوەشاوەییەکانی خۆی، بۆ بیرکردنەوە لەسەر مەسەلە پێوەندیدارەکان بە کۆمەڵگا تەرخان دەکات، بیردەکاتەوە، بیرەکانی فۆرمۆلە دەکات، بۆ خزمەت بە گەل و وڵات لەکاریان دەکا و کار بۆ جێبەجێ بوونیان دەکات.

تاریفی یەکەم گشتییە و هەموو چالاکێکی سیاسی دەگرێتەوە .ساڵانێکی زۆر ڕووناکبیرانی وڵاتانی دونیای سێهەم و تەنانەت چەپی شیکی ئورووپاییش خۆیان لەو چوارچێوەیەدا پێناسە دەکرد.

ئەو ڕووناکبیرەی دەچێتە چوارچێوەی تاریفی یەکەم زۆرتر وێران دەکا و زۆرجار نایهەوێ شتێکی لەجێی دروست بکات بەڵام دەبێ بزانین کۆمەڵگای ئینسانی بینا نییە، تێکی بدەیت و بتوانی لەجێگای وی بینایەکی چاکتری دیکە بنیات بنێیت. ئینسانەکان و پێوەندییە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکان خشت و بلوک و سمیت و گەچ نین. هەست و سۆزو بنەماڵە و گەل و هەویەت و مەزهەب و دین و پێوەندییە ئینسانییەکان دەستەواژەی بێ نێوەڕۆک نین. ئەگەر ئەوانە وێران بکەین، زۆر زەحمەتە دواتر بتوانین کۆمەڵگایەکی سالم درووست بکەین. ئاکامی کارێکی ئاوا زۆر دژوارە یان زیانبارە.

تاریفی هاڤێل بۆ ڕووناکبیر و ئینتلێکتوێل جۆرێکی دیکەیە. ئەو دەڵێ ڕووناکبیر بیردەکاتەوە و بیروبیردۆزەکانی دەکاتە کردەوەی کۆمەڵایەتی و دەکەوێتە پراکتیکەوە بۆ بردنەپێشی بیرەکانی واتە بیرکەرەوەیەکی پراکتیکییە و بەکردەوەش بۆ بردنەپێشی بیرەکانی خەبات دەکات. بەوجۆرە

> **عەداڵەتخوازی، فەزیلەتی ئەخلاقی، ویژدانی شۆڕشگێڕانە، دووریگرتن لە هەڵاواردن و بەرچاوتەنگی، وردبینی و سداقەت لە ژیانی حیزبی و هاوڕێیانەدا، بەچۆکدانەهاتن لە بەرانبەر سەختییەکانی سەر ڕێگای خەبات، ئەویان کردبووە خەباتگێڕێکی نموونەیی و سەرمەشق بۆ هەموو هاوڕێیانی. دوور بوو لە کەموکوڕی ئەخلاقی و ئالودەبوون بە مەشروب و سیگار. بە نان و ئاوێک دەژیا. ساڵێ دەستێک جل و جووتە پێڵاوێکی پێشمەرگانەی لێ زیاد بوون. بە مانای ڕاستەقینەی وشە ڕووناکبیرێکی خەباتگێڕ و ئینتلێکتوێل بوو.**

ڕووناکبیرە دەوترێت ئینتلێکتوێل واتە ڕووناکبیری خەباتگێڕ.

ئێمە لە کوردیدا تەنیا دەستەواژەی "ڕووناکبیر"مان هەیە و جیاوازی لە نێوان ئینتلیجنتسیا (intelligentsia) و ئینتلێکتوێل (Intellektuell) ناکەین. ئینتلیجنتسیا هەموو خوێندەوارێک دەگرێتەوە و بەتایبەتی لە وڵاتانی دونیای سێیەمدا هەموو میرزا و خوێندەوارێک بە ڕووناکبیر و ڕۆشەنبیر دادەنرێ. ئەوەش لەبەر نزمی ئاستی فەرهەنگی و دواکەوتوویی کۆمەڵایەتییە بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەموو خوێندەوارێک ڕووناکبیر نییە. مەبەست لە ڕووناکبیر ئینتلێکتوێلە واتە ڕووناکبیری خەباتگێڕ.

سارتەر دەڵێ هەر ڕووناکبیرێک، نزیکی دەسەڵات بێتەوە و کاری لەگەڵ بکات و ڕەگەڵی کەوێ و بەشداری سیاسەت بێ، ئەوە ڕووناکبیر نییە واتە ناوبراو دەڵێ هەر ڕووناکبیرێک ئەگەر جگە لە ڕەخنەو ئێعتراز بە وەزعی مەوجود، بکەوێتە ئەنجامدانی کردەوەی سیاسی، ئەوە ڕیسالەتی ڕووناکبیری خۆی لە دەست دەدا بەڵام بەگوێرەی تاریفی هاڤێل، ڕووناکبیر بیرکەرەوەیەکی عەمەلگەرایە. مادام ئامادەیە ژیان وکار و لێوەشاوەییەکانی بۆ خێری گشتی تەرخان بکات، باشترە کە ئەگەر بتوانێ، دەسەڵاتی سیاسیش بەدەستەوە بگرێ و بەو دەسەڵاتە کار بۆ خێری گشتی بکات و ڕیفۆرم و چاکسازی بکات واتە سیاسەت بکات و ڕاستەوخۆ بێتە مەیدانی کاروباری سیاسییەوە.

کەسێک ئەگەر بۆ خێری گشتی بیردەکاتەوە، چ باشتر ئەگەر دەسەڵاتیش بە دەستەوە بگرێ و بەو دەسەڵاتە خزمەت بە میللەتەکەی بکات. ئەوە زۆر لەوە باشترە کە کەسانی هەلپەرەست و بێ مایە و قازانجپەرست و دەسەڵاتخواز، دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و کەڵکی خراپێ لێوەرگرن و ببنە کۆسپی سەر ڕێگای پێشکەوتنی وڵات؛ کەواتە کردەوەی سیاسی و خەباتگێڕانە، ئاکامی مەنتقی تێکۆشانی فکری و زەینی ڕووناکبیرێکی جیدییە کە سەبارەت بە وەزعی کۆمەڵ و وڵاتەکەی بیردەکاتەوە.

تەنیا یەک مەرج لێرەدا لەگۆڕێدایە. ئەویش ئەوەیە کە ئەو ڕووناکبیرەی کاری سیاسی و خەباتکارانە دەکات پێویستە خووخدە واتە تێمپرامێنتی (temperament) کاری سیاسی هەبێت و شوروشەوقی سیاسی و خەباتگێڕانەی تێدا بێت؛ هەربۆیە هەر بزووتنەوە و حیزب و دەسەڵاتێکی سیاسی کە ڕووناکبیری بە مانای ئینتلێکتوێل تێدا نییە، بێ نێوەڕۆکیی زۆری پێوە دیارە.

سارتەر دەڵێ ڕووناکبیر نابێت خۆی لە سیاسەت و قودرەت و کاری سیاسی وەر بدا، بۆ ئەوەی سەربەخۆ بێ و سەربەخۆیی خۆی لە دەست نەدا.

وتمان، ڕیسالەتی ئینتلێکتوێل بیرکردنەوەیە لەسەر کاروباری کۆمەڵ و وڵات و خەوندیتنە بۆ ژیانێکی باشتر، بەڵام زانست و فەلسەفە و پێداگۆگی دەڵێ ئەوە بیرەکانن دەبنە کردەوە و سیاسەت.

ئاخر کەسێک لە کۆمەڵدا بژی سەربەخۆ نییە. سەربەخۆی تەواو تەنیا لە دوورگەی ڕۆبینسۆن کرۆسۆدا هەیە کە بەتەنیا لە دوڕگەیەکدا دەژیا؛ لەڕاستیدا سەربەخۆیی ڕووناکبیر تەنیا لە شەخسیەت و کەسایەتی خۆیدایە کەواتە بەو تاریفەوە کە ڕووناکبیر دەیهەوێ وەزعی مەوجود بگۆڕێ، چ لە نێو دەسەڵاتدا بێ یا لە دەرەوەی دەسەڵات، ئەگەر سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و بەکردەوەی خەباتگێڕانەی وەک ئاکامی مەنتقی بیرەکانی کار بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕیسالەتە بکات کە خستویەتە سەرشانی، هیچ لە مەوقعیەتەکەی ناگۆڕێ.

مرۆڤی سادەش دەتوانێ هەلپەرست بێ و ڕووناکبیریش دەتوانێ فرسەتتەڵەب بێت. ئەوەی ئینسان جیا دەکاتەوە و یەکپارچەیی ئەخلاقی (integrity) دەپارێزێ و ڕایدەگرێ، سادقبوون و شەرافەتمەندبوون و بەپرنسیپبوونە.

مرۆڤ بۆ ئەوەی یەکپارچەیی فکری و ئەخلاقی خۆی ڕابگرێ، نە پێویستە حەتمەن ڕووناکبیر بێ و نە پێویستیشە حەتمەن خۆی لە سیاسەت و حیزبایەتی و خەبات و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دوور ڕابگرێ.

بەو جۆرە دەگەینە ئەو ئاکامە کە پێوانەی ڕووناکبیربوون ئەوەیە کە کارێکی شایستە و شیاو لە کۆمەڵدا بکا و چالاکی فکری و فەرهەنگی و بیرکردنەوەی ببێتە چرای ڕووناکیدەری دەوروبەری و لە هەمان کاتدا یەکپارچەیی ئەخلاقی خۆشی لە دەست نەدا.

مەبەست لە یەکپارچەیی ئەخلاقی ئەوەیە کە ئینسانێکی شەرافەتمەند لە هەر بارودۆخێکدا، لە هەر زەمان و جێگایەکدا، لە هەر پلەوپایە و پێگەیەکی سیاسی و ئیداری و کۆمەڵایەتیدا بێت، ئاڕلی هەت، لەدەست نەدا واتە لەو نرخ و ئوسووڵ و پرەنسیپ و بەها و چوارچێوانە لانەدا کە بڕوای پێیانە و کاریان بۆدەکا؛ کەواتە ڕیسالەتی ڕووناکبیر، بریتییە لە بیرکردنەوە بۆ خێری گشتی، کە ئاکامەکەی دەبێتە کردەوەی سیاسی خەباتگێڕانە. ئەوە تایبەتمەندیی ڕووناکبیر و کەسایەتی ڕووناکبیر و ئەخلاقی خەباتگێڕانەیە کە نەخش و ڕۆڵ و پۆزەیشن و وەجاهەت دەداتە ئینتلێکتوێل.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕووناکبیر ئەوەیە کە زۆر جار بەپێچەوانەی جەریانی غالب واتە (mainstream) دەجولێت واتە تەنیایە. خۆ زۆر دوکتور و پرۆفیسۆری کوردی دیکەشمان لە دەرەوەی کوردستان و لە نێوخۆی وڵات هەبوون، ئەی بۆ تەنیا کەسانی وەک کاک سادق ئەو نەخشەیان بە ئەستۆوە گرت کە مێژوو شانازییان پێوە دەکا؟ کەواتە ڕووناکبیر ئەو کەسەیە کە بیر لە خێری میللەت دەکاتەوە و دەیهەوێ وەزعی مەوجود بگۆڕێ و بەدوای ڕێگاچارەوەیە و کاروخەباتی بۆ دەکات.

ئێستا لەبەر ڕووناکایی ئەو باسەی سەرەوەدا، کاک سەعید دەخوێنینەوە و هەندێک نموونە لە کار و ئەخلاقیاتی خەباتگێڕانەی وەبیردێنینەوە. ئەودەم بۆمان دەردەکەوێ کە بەڕاستی کاک سەعید ئینتلێکتوێل بوو.

دوای شەهیدبوونی کاک سەعید، کە ئەودەم لە ڕادیۆ کارم دەکرد، هەرچەند بەهۆی ئەو کارەساتە سەختەوە لە هەلومەرجێکی ڕۆحی زۆر نالەباردا بووم کە سێبەری کاک سەعیدمان لەسەر لاچوو بوو، بەڵام چل ڕۆژ لەسەرم نووسی. دەزانم لە تەوازووع بەدوورە، بەڵام مێژووە. ئەو ڕستانەی لە ژیاننامەکەیدا باس لە کەسایەتی کاک سەعید دەکەن بە قەلەمی من نوسراون، خسڵەتە ئەسلیەکانی کاک سەعیدیان لە خۆ گرتوون. ئێستا کە پاش ئەو هەموو ماوەیە ئەو تایبەتمانیانەی کاک سەعید دەخوێنمەوە، کە لە ژیاننامەکەیدا هاتون، بڕوام بە قسەکانی ئەودەمم زۆرتر دەبێت و دەتوانم زۆر زۆرتر لەوەش لە سەر کەسایەتی خەباتگێڕانەی کاک سەعید بنووسم؛ چونکە هەر لە ئەساسدا ئوستاد بوو، ئەو کادرو پێشمەرگانەی لە بەردەستی ئەودا لە ئۆرگانە حیزبییەکاندا کاریان دەکرد، فێردەبوون، گەشەیان دەکرد، دەبوون بە کەسانی درەوشاوە، دەبوون بە کەسانی ڕێبەر و بەڕێوەبەر، لەو کەسانە نەبوو کە هاوڕێ و هاوکارەکانی تێک بشکێنێ، بە ئاستەم توانای کارو جورئەتی خەباتگێڕانەی لە هەرکەسدا شک بردبا، تازە وازی لێنەدەهێنای و تەربیەتی دەکردی. باخەوانێک بوو کە زوو لە پەنای ئەو گوڵت دەکرد. کەسایەتییەکی کاریزماتیک، دیسیپلینی و پرئۆتۆریتەی هەبوو. زوو شوێنەواری مەعنەویی لەسەر کەسانی دەوروبەری خۆی دادەنا. ڕێکوپێک و وەختناس بوو. دڵی پڕ بوو لە شوری شۆڕشگێڕانە و سەریشی دەریایەک بوو لە سامانی زانستی و عیلمی و فۆرموولی ڕیازی و شیمی و فیزیاییەکان، شارەزایی هەموو تەکامولی مادە بوو هەر لە بیگبانگەوە تا ئێرە و سەرتاسەری مێژووی پەرەسەندنی ژیان و مرۆڤی قۆناخ بە قۆناخ دەزانی. مێژووی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئینسانی دەزانی. هەموو ئەوانە ئەویان کردبووە تێکۆشەرێکی تەواو عەیار. ئەو توانا زانستییەی لە کردەوەدا لەگەڵ دڵسۆزی و دلێری تێکەڵ کردبوون بۆیە لە تەشکیلاتدا دەدرەوشایەوە.

عەداڵەتخوازی، فەزیلەتی ئەخلاقی، ویژدانی شۆڕشگێڕانە، دووری گرتن لە هەڵاواردن و بەرچاوتەنگی، وردبینی و سداقەت لە ژیانی حیزبی و هاوڕێیانەدا، بەچۆکدانەهاتن لە بەرانبەر سەختییەکانی سەر ڕێگای خەبات، ئەویان کردبووە خەباتگێڕێکی نموونەیی و سەرمەشق بۆ هەموو هاوڕێیانی. دوور بوو لە کەموکوڕی ئەخلاقی و ئالودەبوون بە مەشروب و سیگار. بە نان و ئاوێك دەژیا. ساڵێ دەستێک جل و جووتە پێڵاوێکی پێشمەرگانەی لێ زیاد بوون. بە مانای ڕاستەقینەی وشە ڕووناکبیرێکی خەباتگێڕ و ئینتلێکتوێل بوو.

ڕێنوێنی بۆ ئێمە کادرەکانی ڕادیۆ و ڕۆژنامە و دەزگای تەبلیغاتی حیزب ئەوە بوو کە وەها بنوسین خەڵکی کوردستان لێمان حاڵی بێت بۆیە داوای دەکرد کە کورت و پڕنێوەڕۆک بنوسین،لە ڕستەی درێژ و پڕ لە وشەی موتەرادف و هاومانا خۆ بپارێزین.

پڕکار و ماندوویینەناس بوو، خوێندنەوە، بەشداری لە کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسی و ئۆرگانەکانی دیکەی حیزبدا، دیدار لەگەڵ پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی، چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتییە سیاسی و ئەدەبی و ڕوناکبیرییە ئێرانی و کوردستانییەکان، نووسین بۆ ڕۆژنامە و ڕادیۆ و هیدایەتی دەزگای تەبلیغاتی حیزب و ڕایەڵکەی بێسیمی حیزب و تەشکیلاتەکان و کۆمیتە شارستانەکان، هەموو ئەوانە نێوەڕۆکی ژیانی ڕۆژانەی بوون لە شۆڕشدا.

ئەو میللەتی کوردی ژێرچەپۆکە دەدی و بڕوای قوڵی بەوە بوو کە کورد و کوردستان دەبێت ڕزگار بن و کورد بۆخۆی بۆ ڕزگاری خۆی خەبات بکات. دەیگوت ئەگەرچی هەلومەرجی خەباتی ئێمە زۆر سەختە بەڵام دەبێت، بە خەبات و تێکۆشانی بێوچان لێی تێپەڕین. ئەوە وەزیفەی مێژوویی ئێمە ڕۆڵەکانی کوردستانە کە دەبێت لەو ڕێگایەدا خەبات بکەین و لەو ڕووبارە بپەڕینەوە.

عەداڵەتخوازی، فەزیلەتی ئەخلاقی، ویژدانی شۆڕشگێڕانە، دووری گرتن لە هەڵاواردن و بەرچاوتەنگی، وردبینی و سداقەت لە ژیانی حیزبی و هاوڕێیانەدا، بەچۆکدانەهاتن لە بەرانبەر سەختییەکانی سەر ڕێگای خەبات، ئەویان کردبووە خەباتگێڕێکی نموونەیی و سەرمەشق بۆ هەموو هاوڕێیانی. دوور بوو لە کەموکوڕی ئەخلاقی و ئالودەبوون بە مەشروب و سیگار. بە نان و ئاوێك دەژیا. ساڵێ دەستێک جل و جووتە پێڵاوێکی پێشمەرگانەی لێ زیاد بوون. بە مانای ڕاستەقینەی وشە ڕووناکبیرێکی خەباتگێڕ و ئینتلێکتوێل بوو.

**درێژەی هەیە.....**

# سادقی شەرەفکەندی وەک قەندیل سەربڵندی

هیوا کوردی

ڕێبازی حیزبی دێموکرات ڕێبازێکە کە لەئەسەر ئەساسی هەوڵ بۆ چارەسەری کێشە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگای کوردستان هەڵقوڵاوە و ٧٦ ساڵە بە ئامانجی ڕزگاری گەلی کورد و وەدیهێنانی ئەم ویستە بنەڕەتییانە خەبات دەکات. زۆر ڕێبەری لێوەشاوە و بلیمەت تواناکانی خۆیان تێدا وەگەڕ خستووە. د.قاسملوو کە ڕۆچبووە نێو بنج و بناوانی ئەم کێشانەی کۆمەڵگای کوردستان شێوەی خەباتی سەردەمیانەی بۆ ئەم ئامانجانە هەڵبژارد. بۆ بەکردەیی کردنی ئەم شێوەیە هەوڵی دەدا بژاردەکانی ئەم کۆمەڵگایە بۆ لای بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان ڕابکێشێ. یەکێک لە باشترین بژاردەکان د.سادق شەرەفکەندی بوو کە د.قاسملوو بۆ لای ڕێبازی حیزبی دێموکراتی ڕاکێشا. دیارە د.سادق کە پێشتر لە بنەماڵەکەی خۆی فرچکی بە کوردایەتی گرتبوو بەم بانگهێشتنەی د.قاسملوو چەخماخەی بوونە ڕێبەرێکی لێهاتووی لە داهاتوودا لێدا. د.شەرەفکەندی مامۆستای زانکۆ بوو و مامۆستای بۆ قوتابخانەکان ڕادێنا بەڵام بە بلیمەتی و زانایی د.قاسملووی زانیبوو و بە ڕێبەر و مامۆستای خۆی دادەنا. لەو کاتەیەوە کە بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکرات لە ئەندێشە و کردەوەکانی د.قاسملوو فێر بوو و مەیدانی خەباتی کردە گۆڕەپانی فێربوون و بارهێنانی خۆی تا گەییشتە جێگایەک کە د.قاسملوو بە باشترین جێگری خۆی دەزانی. کاتێک خوشکە نەسرین لێی دەپرسێ ئەدی ئەگەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەڵایەکی بەسەر تۆ هێنا کێ ئەو ئەرکانەی تۆ بەڕێوە دەبا؟ د.قاسملوو لە وڵامیدا دەڵێ: د.سادق هەیە. ئەم وتەیە ئەوە دەگەیێنێ کە د.سادق گەییشتووەتە جێگایەک کە د.قاسملوو بۆ دوای خۆی خەمی نییە و دڵنیایە.

ئەو پێگەییشتنەی د.سادق لە کاتێکدا بوو کە ئێران و عێراق کۆتاییان بە شەڕ هێنابوو و پێکهاتبوون. ئەم پەرۆشییە هەبوو کە ئەم پێکهاتنە لە سەر ئەساسی لێدانی بزووتنەوەی کورد لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ. دیارە مێژووی کورد قوناغێکی ئاوای تاقی کردبۆوە. ئەزموونی تاڵی گرێبەستی ئەلجەزاییر لە مێشکی تاکی کورد و ئەندامان و ڕێبەرایەتی حیزبدا هەبوو و تووشی دڵەڕاوکێی دەکردن. د.قاسملوو هەوڵی ئەوە بوو کە ئەم ئەزموونە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دووپات نەبێتەوە. لە سەر ئەساسی ئەم هەوڵەی د.قاسملوو ڕێبەرایەتی حیزب بەم ئاکامە دەگات کە لە ئەگەری پێکهاتنی ئەم دوو دەوڵەتە لە سەر حیسابی کورد، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شاخ بێ بە هەموو تواناوە بەرگری لە خۆی بکا. بەداخێکی گرانەوە دەستی چەپەڵی تێرۆر داعشی شیعی ویلایەتی فەقیهی لە د.قاسملوو وەشا و شەهید کرا. دەوڵەتی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی مێشکی بزووتنەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵات کردە ئامانج چونکە پێی وابوو جەستەی حیزبیش لە عەرز دەدا بەڵام ڕێبەرێکی بەتوانا و لێهاتوو و پێگەیشتووی وەک د.شەرەفکەندی کە قوتابییەکی بەوەفای د.قاسملوو بوو، لە مامۆستا مەزنەکەی فێر ببوو و خۆی بە باشی لە قەراخ د.قاسملوو پێگەیاندبوو. ئێستا دەبا توانایی و وزە شاردراوەکانی خۆی لە ئاستی جێگرەوەی د.قاسملوو نیشان بدات. د.سادق دەیزانی بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری خۆڕاگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕاگرتنی قەندیل پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە و دەبێ بە تەواوی هێزەوە قەندیل ڕاگیرێ. کۆماری ئیسلامی تاڵەبانئاساش دەیزانی قەندیل پشتیوانی گەورەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە بۆیە دوای پێکهاتن ڕێژیمی ڕەفسەنجانی و خامنەیی دەوڵەتی عێراقی خستە ژێر زەخت و فشار کە هێزی پێشمەرگە لە قەندیل بێنێتە خوار. دیارە دەوڵەتی عێراق ئەم فشارەی بۆ حیزب هێنا کە لە قەندیل داگەڕێتە خوار بەڵام د.سادق بە هەڵوێستێکی لێبڕاوانە و سوور ڕەدی کردەوە و نەچووە ژێر باری.

لە سەردەمی د.شەرەفکەندی بە هەموو نرخێک قەندیل ڕاگیرا و بوو بە پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆیە دەبینین دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق سەرەڕای جێگیرکردنی هێزێکی زۆر و زەوەندی داعشی لە کوردستان، هێزەکانی پێشمەرگە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵات حزووری بەردەوامیان هەبوو. ئەم قسەیەی د.قاسملوو بەکردەوە نیشان دەدا کە کوردستان بە شەو لە دەستی هێزی پێشمەرگەدایە و بە ڕۆژیش لەژێر داگیرکاری دەوڵەتی داعشئاسای کۆماری ئیسلامی.

بەم حزوورە بەردەوام و سەرانسەرییە عەمەلیاتی ڕێکوپێک بەڕێوە چوون. سەرەڕای نابەرانبەری ئێکجار زۆر، ئەم عەمەلیاتانە تێچووی زۆری دەخستە سەر دەستی پاسدارانی داعشی و وەحشی، هێزی پێشمەرگەش کەمترین تێچووی هەبوو. هاوکات لەگەڵ ئەم کارانە هەستی شۆڕشگێڕی خەڵکی کوردستان بەرەو بان چوو.

ئاراستەی لاوانی شۆڕشگێڕ زۆرتر بۆ لای حیزبی دێموکرات چوو؛ هەموو ناوچەکانی ئێران کپ کرابوون بەڵام کوردستان سەرەڕای سەرکوتی داعشیانەی سپای تێرۆریست هەر قەڵای لەگیراننەهاتوو بوو. وەک مەکۆ و ڕووگەی ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێرانی لێهاتبوو. بەرگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە هەستی شۆڕشگێڕی لە ئاستی ئێران و کوردستان بەرز کردبووە ئەم هەرێمەی کردە مەکۆی ئازادیخوارانی ئێران. د.شەرفکەندی هەوڵی دا ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران لێک کۆ بکاتەوە و لێکیان گرێ بدات. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ حیزبە سەرانسەرییەکان بەردەوام لە پێوەندیدا بوو چونکە دەیزانی کۆماری ئیسلامی بە نەبوونی هێزێکی یەکگرتووی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان و سەرانسەری ئێران درێژە بە سەرکوتی تاڵبانئاسا و تەمەنی نگریس و داعشیانەی خۆی درێژە پێ دەدا. ئەم هەوڵەی ئەوەندە بۆی گەورە بوو کە لە پێناویدا گیانی فیدا کرد.

سەرەڕای ئەم هەوڵە گەورەیە، بیرکردنەوەی د.شەرەفکەندی لە ئاستی تاکەکەسی و حیزبی تێپەڕیبوو و تا ئاستی نەتەوەیی ڕۆیشتبوو. خۆڕاگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە فەرماندەیی د.سادق شەرەفکەندی وزەی دابوو بە کوردەکانی باشووری کوردستانیش بۆیە بە سازبوونی کێشە لە بەغدا، وزەی شۆڕشگێڕانەی کوردەکانی باشووری کوردستان بە ڕێبەری حیزبەکانی باشوور توانیان زۆربەی شارەکان لە چنگ داگیرکەر ڕزگار بکەن و لەو بوارەدا حیزبی دێموکرات پشتیوانی هێزەکانی کوردستانی باشوور بوو. دوای ئەم ڕاپەڕینە لە کۆڕەوەکەی باشووردا وێڕای ئەوەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران داوای لە خەڵک کرد پەنای برا کوردەکانیان لە باشوور بدەن بنکەکانی حیزب ببوونە پەناگەی کوردەکانی باشووری کوردستان. ئەم پشتیوانی و پەنادانەی حیزبی دێموکرات بە سکرتێری د.سادق نیشان دەدا کە هەم د.سادق و هەم حیزبەکەی ئاستی بیرکردنەوەیان لە بەرژەوەندی حیزبی تێپەڕیبوو و گەییشتبووە ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی.

ڕێژیمی خامنەیی و باندەکەی، ئێرانیان کردووەتە مەکۆی تێرۆریستانی داعش و تالبان و لە نێوخۆ ڕاپەڕینی هاوینی ١٤٠٠ی ئەحواز و شارەکانی تری ئێرانی قێزەوەنتر لە داعش و تالیبان سەرکوت کرد. دیارە لە سەرکوتی ڕاپەڕینی خەزەڵوەری ١٣٩٨، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن سپای تێرۆریست وەحشیتر لە تاڵبان و داعش خەڵتانی خوێنی کرا بۆیە بیری نیشتمانی و نەتەوەیی لە کوردستان لە ڕۆژی ڕووناک پێویستترە و دەبێ ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زۆرتر بێ.

ڕاسانی خۆرهەڵات لە شاخەکانی کوردستان و شارەکانی ڕۆژهەڵات لە گەشەسەندندایە. خەباتی شار و شاخ بووەتە هیوای شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازی ئێران. ئەم هێزە ئازادیخوازە لە کوردستان بە دژی تاڵبانی ویلایەتی فەقیە قەندیلئاسا ڕاوەستاوە و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شاخەکان وانەی خۆڕاگری و قارەمانەتی بە سەر وڵاتێک بڵاو دەکەنەوە کە لە ژێر سێبەری ڕەشی ڕێژیمی خامنەیی و باندەکەی ناڵەی دەگاتە تەشقی ئاسمان.

لە کوتاییدا ئەم کەتوارانە پێمان دەڵێ د.سادق شەرەفکەندی زۆر زەرفییەت و توانایی مابوون کە وەدەریان بخا تا ئەوەندەی تر لێهاتوویی ئەومان بە کردەوە بۆ دەرکەوێ بەڵام دەستی تیرۆریستی تالبان و داعشی ویلایەتی فەقیە ئەم دەرفەتەی لە د.سادق ئەستاند. ئەوەی لە کۆتاییدا دەبێ بوترێ ئەو ڕاستییەیە کە کۆماری ئیسلامی دەبێ باش بزانێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ڕێبازی پێشەوا و قاسملوو و شەرەفکەندییە هەروا لەسەر پێیە و پێشەنگە لەسەر خەباتی شار و شاخ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران. ئەم خەباتەی بەردەوامە تا ئەو کاتەی ڕێژیمی داعشی ویلایەتی فەقیە دەچێتە زبڵدانی مێژوو و گەلی کورد بە ئامانجە لەمێژینەکانی دەگات .



# کۆڵەکەی شۆڕش

یاسر مینا

جارێکیان دایکم بۆی گێڕامەوە و گوتی: ئەو کاتەی د.قاسملوو شەهید بوو،خەڵک بە تێکرا هەموو ناڕاحەت بوون بەڵام دەنگۆیەک هەبوو کە خەڵک پێی دڵخۆش بوون ئەویش ئەوە بوو دەیانگوت کەسێک لە نێو حیزبدا پەیدا بووە و جێگای قاسملووی گرتۆتەوە دەڵێن لە قاسملووی زرینگترە.

بە شەهیدبوونی د.قاسملوو، ئەگەر بۆ جارێکیش بێ یا بۆ ماوەیەک پشتی میللەتی کورد و حیزبی دێموکرات شکا یا ماڵی کورد خەریک بوو بڕووخێ و شۆڕشی کورد وەک مەڕی بێ شوانی لێ بێ بەڵام لەو سەردەمە ناخۆش و کاتوساتە ئەستەم و ناسکەدا، سەردارێک و ڕێبەرێک، سەری لە نێو سەراندا دەرهێنا و بوو بە پشت بۆ میللەت و شانی وەبەر ماڵی دارماوی گەل دا و بوو بە کۆڵەکە و خەڵکی لە سەرگەردانی و شۆڕشی لە تێکشکان ڕزگار کرد، نەک هەر ئەوە بەڵکوو خەباتی چەکداری لە نێوخۆ بە دژی دوژمن بەهێزتر کرد و هێرشە چەکدارانەکانی بە دژی دوژمن توندتر کردەوە و زەبری بە قووەتی لێ وەشاند.

لە سەردەمی ئەودا حیزبی دێموکرات توانی پەل بهاوێ بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، پەیوەندی دیپلۆماسی لە دەرەوەی وڵات بەهێزتر کرد و لە کوردستانیش پەیوەندی لەگەڵ ئەو هێزانەی کە کێشەیان لەگەڵ حیزب هەبوو، تا ڕادەیەک ئاسایی کردەوە و پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ هەموو هێزەکان دامەزراند و بە کردەوە شەڕی براکوژی حەرام کرد؛ ئەو کەسە قوتابی و شاگردی وەفاداری د.قاسملووی شەهید و سەردار و ڕێبەری هەمیشە زیندوو، د.سەعید شەرەفکەندی بوو.

پاش شەهیدبوونی د.قاسملوو،زۆر کەس دەستی لە شۆڕش هەڵگرت و ترسێکی گەورە هەبوو چونکە پێیان وابوو بە نەمانی قاسملوو، ئیدی شۆڕشیش تەواو دەبێ بەڵام لەبەر ئەوەی لە حیزبی دێموکراتدا پرسێک بە ناوی ئیدامەکاری بوونی هەبووە و هەیە و ئیرادەیەکی بەهێز لە پشت ئەو ئیدامەکارییەدا هەبووە و هەیە و هەمیشەش پێویستی هەبوونی حیزب لەلایەن خەڵکەوە بینراوە، هەربۆیە بە شەهیدبوونی د.قاسملوو، ئەو شۆڕشە نەشکا بەڵکوو پەرەی زۆرتری ئەستاند.

سەردەمی سکرتێری د.سەعید شەرەفکەندی بە دەورانێکی زێڕین لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا دەژمێردرێ. دەورانێک کە زۆر ڕووداوی چارەنووسسازی ناوچەیی و جیهانی لێکەوتەوە. لەلایەکەوە بلووکی ڕۆژهەڵات ڕووخا و هەر یەکە لە هەرێمەکانی یەکێتی سۆڤییەت، سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت و سۆسیالیزمی مەوجوود تووشی شکست هات، لەلایەکی دیکەوە بۆچوونە مێژوویییەکانی د.قاسملوو هاتنە دی، یەکەم ئەوەی کە ئەو ئاشتییەی کە باسی لێ دەکرا کە بە کۆتاییهاتنی شەڕی عێراق و ئێران لە ناوچە پێک دێ،پێک نەهات! دووهەم ئەوەی کە سەرەڕای فشارهاتنە سەر شۆڕشی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکرات لە ئاکامی کۆتاییهاتنی شەڕی عێراق و ئێران، بەڵام شۆڕشی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکرات تووشی پاشەکشە و شکست نەبوو، ئەوەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێبەری کارامە و مودیرییەتی بەجێی د.شەرەفکەندی. ئەو بەو ئیمانەی کە بە ڕێبازی حیزب و بەو پەیمانەی کە بە خوێنی شەهیدان و لە سەرووی هەموویانەوە بە د.قاسملووی دابوو، بۆ درێژەدان بە ڕێگاکەی، بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی ڕێبەری کرد و بە بیری ورد و ژیرانەی حیزبی دێموکراتی بەڕێوە برد. گرینگیدان بە کار بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانی هەمەلایەنەی خەڵک و بە ڕێکخستن کردنیان، گرینگیدان بە ڕادیۆ و ڕۆژنامە و بەگشتی بە تەبلیغات،گرنگیدان بە پەروەردەی کادر و پێشمەرگە بە شێوەی دروست و ئوسوولی، ڕێگەگرتن لە بێ نەزمی و کارشکێنی لە حیزبدا، یارمەتیدانی شۆڕش لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، گرتنی کۆنگرە و نوێگەرایی و چاکسازی زیاتر،بەهێزکردنی پەیوەندییە کوردستانی و نێودەوڵەتییەکان، بەخشینی وزە و توندوتۆڵی زیادتر بە خەباتی چەکداری و هێرش بۆ سەر دوژمن، هەوڵ بۆ پێکهێنانی بەرە یان هاوپەیمانییەک لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی،لەو کار و چالاکییانە بوون کە د.سەعید و ڕێبەریی ئەودەمی حیزب کاری بۆ کردن و بەشی هەرەزۆری جێبەجێ کردن.

هەرچەند ماوەی سکرتێری د.سەعید زۆر نەبوو و لە سێ ساڵ زیاتری درێژە نەکێشا بەڵام لەو سێ ساڵەدا بە حەق سادقبوونی خۆی لە سەر پەیمانەکانی سەلماند، یەکەم ئەوەی هەرچی لە توانایدا بوو بۆ وەفاداری و درێژەدانی ڕێگای د.قاسملوو بە کاری برد؛ دووەمیش ئەوەی کە خەریک بوو خەت و نیشانێکی کارکردن و چالاکی و مێتۆدێکی کاری حیزبی تایبەت بە خۆی دەدیتەوە کە ڕەنگە ئەگەر دەستی ڕەشی تیرۆر ڕێگای دابا، ئەو مێتۆدە خۆی دەسەلماند.

هێندە بە سەر تێرۆری د.قاسملوو لە سەر مێزی بەناو وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی تێنەپەڕیبوو کە د.سەعید لەگەڵ کار بۆ فشارخستنە سەر ڕێژیم، بیری لە دروستکردنی هاوپەیمانی لە نێوان هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازە سەرانسەرییەکان دەکردەوە. ئەو ناچار بوو بۆ پێکهێنانی ئەو هاوپەیمانییە لەگەڵ زۆر حیزب و ڕێکخراو دابنیشێ کە تەنیا ناویان هەبوو و ئەندامیان لە چەند کەس تێنەدەپەڕی و لەگەڵ زۆر کەس ڕووبەڕوو بێ کە هیچ پێگەیەکی ئەوتۆی خەڵکییان نەبوو، لە حاڵێکدا،خۆی ڕێبەری گەلێکی چەند میلیۆنی و بەرپرسی گەورەترین و ڕیشەدارترین حیزبی کوردی بوو. ئەگەر د.شەرەفکەدی بەمشێوەیە ناچار نەبا، نە تێرۆرەکە دەکرا و نە بزووتنەوەی کوردی تووشی کارەسات دەبوو. دوای د.قاسملوو کە بۆ کۆماری ئیسلامی وەکوو کاریگەرترین و مەترسیدارترین کەس ئەژمار دەکرا، د.سەعید توانیبووی ئەو جێگایە پڕ بکاتەوە. د.قاسملوو بۆ دوو بابەت زۆر بە توندی کاری دەکرد. یەکەم بەهێزکردنی خەبات لە نێوخۆی وڵات و دووهەم ناساندنی مەسەلەی کورد لە دەرەوەی وڵات و وەدەستهێنانی پشتیوانی جیهانی بۆ مافە ڕەواکانی میللەتی کورد. د.سەعید وێڕای کارکردنی ورد بۆ ئەو دوو بابەتە گرینگە، وەک گوترا هەوڵی دا کۆبەندییەکیش لە هێزە دژبەرەکان دروست بکا. کارکرنی د.سەعید بۆ ئەو سێ بابەتە ترسی گەورەی خستە دڵی کۆماری ئیسلامی و هەر بۆیە کەوتنە خۆ بۆ تێرۆرکردنی. بە تێرۆرکردنی د.سەعید، کۆماری ئیسلامی توانی زەربە لە سەری بزووتنەوەی کوردی بدا و زەبرێکی بە ژان و کارەساتبار لە شۆڕشی کوردی و حیزبی دێموکرات بدا ، بەڵام نە خەبات و تێکۆشان لە کوردستان کۆتایی پێ‌هێندرا و نە حیزبی دێمۆکرات، بێ ڕێبەر بوو ئەمەش بەهۆی ئەو وانەگەلەی کە ڕێبەرانی شەهید فێری هاونەسڵەکانی خۆیان و نەسڵەکانی دواتریان کرد.

# ڕاسان
# نوێنەری بەرەنگاربوونەوەی بەرەی تیرۆری دنیا

زاگرۆس

ڕاگەیاندنی ڕاسان لە نەورۆزی ساڵی ١٣٩٥و لە شاخە سەرکەشەکانی وڵات لە هەمان کاتدا کە مزگێنییەکی گەورە بوو بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەنگاوێکی مەزن بوو لە ڕێڕەوی ڕزگاربوون لە ژێردەستی و گەڕانەوەی شکۆ بۆ خۆرهەڵاتی نیشتمان، لەڕاستیدا ئەو کات وەک مەلەکردنێک دەچوو دژ بە ڕەوتی ئاسایی ئاو یان سیاسەت و ڕەوتی جیهانی.

ئەوکات ئێران لەگەڵ وڵاتانی ٥+١ ڕێککەوتبوو بە میلیارد دۆلاری بە پاداشی ئەم ڕێککەوتنە بۆ ئازاد کرابوو، دەسەڵاتی ڕیفۆرمخواز بە سەرۆکایەتی حەسەن کلیل جڵەوی دەوڵەتی لە ئێراندا وەدەس گرتبوو و ڕیفۆرمخوازان بە دەیان دروشم و بەڵێنی چاکسازی بیروڕای جیهانی و ناوخۆیشیان فریو دابوو؛ هەروەها توانیبوویان چەندساڵ پێشتر، بە گوشارهێنانە سەر ڕێکخراوەی موجاهدینی خەلق وەک ڕێکخراوەترین ئۆپۆزسیۆنی سەرانسەری ئێران و بێدەنگی ڕۆژاوا لەهەمبەر توندوتیژی و کوشتوبڕەکان بەرانبەر بەم ڕێکخراوە ناچار بە کۆچکردنیان لە عێراق و بە هەزاران کیلۆمێتر دوورخستنەوە لە ژینگەی خەباتی خۆیانیان بکەن. بە کورتی لە پاش هاتنە سەر کاری مەلاکانەوە تا ئەو کات هێندە لەگەڵ دنیا و بەتایبەت ڕۆژاوا تەبا نەببوون و نەیانتوانیبوو ئۆپۆزیسیۆنیش تا ئەو ڕادە دەستەوەستان و بێهێز بکەن.

لەو سەروبەندەدا بوو کە زۆر لە دژبەران، دەسەڵاتی ئاخوندەکانیان وەک سیستمێکی لەشکانەنەهاتوو پێناسە دەکرد و گەیشتبوونە ئەو ئاکامە کە کۆماری ئیسلامی هێندە بەهێزە کە بێپشتیوانی ئەمریکا و ڕۆژاوا ناکرێ خەباتی بەرانبەر بکرێت، کەواتە باشتر وایە ڕەوتێکی ڕیفۆرمخوازانە لەهەمبەر دەسەڵاتێک بگرنە بەر کە هەرگیز ڕیفۆرمی بە قازانجی خەڵک تێدا نەکراوە مەگەر بە دژایەتی مافە ڕەواکانی خەڵک، ئەو کاتە بوو کە ڕاسان بە پشتبەستن بە ئیرادەی شۆڕشگێڕانە و پێداگری لەسەر ئەو حەقیقەتەی کە تەنیا هێزی شیاوی پشت پێبەستن کۆمەڵانی خەڵکی خۆیەتی پڕ بە گەرووی خەڵکی چەوساوە و خاکداگیرکراو هاواری بەهێزبوون و سووربوون لە خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمانی دەکرد.

لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا هزری ڕاسان توانیویەتی سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپەکان و بە خوێنی دەیان ڕۆڵەی بەوەفای گەل و بە سەدان بەندی سیاسی و چەندین خرۆشانی شار داهێنەری کولتووری نوێ بێت لە زاگرۆس و سەرانسەری جوغرافیای ئێرانیشدا کە لەم بابەتەدا بە کورتی باس لە دوو لەم چەمکانە دەکەین.

یەکەم: پاش هاتنە سەرکاری ڕیفۆرمخوازان لە ساڵی ٧٦ی هەتاویدا کۆماری ئیسلامی توانیبووی ئەو کولتوورە کە هەنووکەش هێشتا ئاسەوارەکانی بەدی دەکرێت لە کۆمەڵگای ئێراندا جێ بخات کە هەموو درەندەییەک بۆ دەسەڵات ڕەوایە بەڵام بەرگری ڕەوا و دەسبردن بۆ چەک لەلایەن زوڵملێکراوانەوە بقەیە، ئەو بۆچوونەی لە نێو خەڵکدا دروست کردبوو کە لەهەمبەر هێرشە هۆڤانەکەی دەسەڵاتی ئاخوندەکاندا دەس بۆ چەک بردن حەرامە و تەنانەت کار گەیشتبووە ئاستێک کە ژمارەیەک لە ڕووناکبیران بەرەنگاریی ڕەوای خەڵکیان وەک بەرهەمهێنەری توندوتیژی ناو دەبرد!!!

بەڵام ڕاسان بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو مێتۆدەکانی خەبات و یەک لەوان بەرگری چەکدارانە بەرەنگاری ئەم چەواشەکارییەی دەسەڵات وەستایەوە. هەنووکە یەکێک لەو بابەتانەی کە کۆمەڵگای ئێران و ڕووناکبیران و تەنانەت ڕووناکبیرانی نەتەوەی باڵادەستیشی بەخۆیەوە خەریک کردووە، باس کردنە لە خەباتی چەکدارانە دژ بە دەسەڵاتێک کە بە هەموو چەشنێک خەڵک دەچەوسێنێتەوە و وەک شیاوترین بژاردەی بەردەم خەڵکی ماف زەوتکراو پێناسەی دەکەن و تەنانەت خەڵک و زۆربەی ڕووناکبیرانی دەروەست چاوەڕوانی ئەوەیان لە ڕاسان هەیە کە پێ بنێتە قۆناغی هێرش بۆ سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و لە بەرگری ڕەوا تێپەڕێت.

دووهەم؛ ئیرادەی شۆڕشگێڕانە و خولقاندنی دەرفەت نەک چاوەڕوانی ڕووداوەکان و کەڵک لێوەرگرتنیان ئەو بوارەیە کە ڕاسان لە بزوتنەوەکانی دیکە جیا دەکاتەوە؛ وایش دەکات کە هەنووکە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وەک مەزنترین مەترسی سەر مانەوەی دەسەڵاتەکەی چاو لێبکات. تێکۆشەران بە تێکۆشانیان و بەرخۆدانیان بەستێنەکانی لاوازکردنی دەسەڵات دەخولقێنن نەک ئەوەی چاوەڕوانی لاوازی دەسەڵات بن تاکوو لەهەمبەریدا ڕاپەڕن. هەروەک لە سەرەتادا باسمان کرد ڕاسان پشتبەستوو بە ئیرادەی شۆڕشگێڕان و خەڵکەکەی خۆیەتی لە پانتایی زاگرۆسدا هەربۆیە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان و پلانیان بۆ کەمکردنەوەی هێزیان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەرچەند هەندێ لەو هێزانەی دژ بە دیکتاتۆریەت و ڕێژیمە سەرکوتکەرەکان خەبات دەکەن تووشی بێهیوایی کردووە بەڵام ڕاسانیانی زیاتر پشت ئەستوور لەسەر درێژەدانی ڕێگەکەیان کردووە و خەڵکی هێناوەتە سەر ئەو قەناعەتە کە دەبێ بە شێوازی گشتگیرتر و ڕادیکاڵتر خەبات بەرەوپێش بەرن و بیروڕای گشتی خەڵک ڕۆژبەڕۆژ زیادتر گوشار دێنن کە خەبات زیادتر پەرەپێبدەن و ڕاسان بەهێزتر بکەن. هەربۆیە ڕاسان ڕەوتێکە کە ناوچەییەکان ناتوانن چارەنووسی دیاری بکەن، چوونکە هەنووکە زۆرینەی خەڵکی زاگرۆس خۆیان بە خاوەنداری ڕاسان دەزانن و ئازادیخوازانی ئێران وەک چاوگەی هیوا چاوی لێدەکەن.

کەوابوو بە سەرنجدان بەم دوو چەمکەی کە باسمان کرد دەسەڵاتی مەلاکان هزری ڕاسان و ئەو گۆڕانکارییەی لە کولتووری خەباتدا لە هەنووکەی گۆڕەپانەکەدا نەخشاندویەتی وەک گەورەترین هەڕەشەی سەر مانەوەی خۆیان چاو لێدەکەن بۆیە بە هەموو تواناوە دژایەتی دەکەن و هەموو ساڵێک و ناوەبەناوە مەتەریزەکانی پێشمەرگەیان لە شاخە سەرکەشەکانی کوردستان ئاگرباران کردووە. ئەمساڵیش لە بەرەبەیانی ١٨ی پوشپەڕەوە پاش هەڕەشەیەکی زۆر و چەند جار داواکردن لە بەرپرسانی عێراق و هەرێم بۆ دەرکردنی حیزبە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بە نوێترین چەک و بە شێوازی دڕندانە هێرش بۆ شاخەکانی کوردستان، ئەو ڕاستییەیان سەلماند کە لە پەرەگرتنی ڕاسان چ ترسێکیان لێ نیشتووە و بەتەنیا بەربەستی دەسەڵاتەکەیانی دەزانن بۆ پەرەپێدانی هێژموونی لە ناوچە و قوتدانی بە یەکجاری بەشێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ هەربۆیە ئەرکی تەواوی ئازادیخوازانە لە سەرانسەری ئێران و دنیادا لە کاتێکدا کە ڕۆژاوا حازرە بە هەر تێچوویەک و بە چاوپۆشین لە تەواوی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی ئێران و ناوچەکە تەنیا لە پێناو هەندێ وەدرەنگ خستنی دەسراگەیشتنی مەلاکان بە چەکی ناوکی هەموو ئیمتیازێک بە ڕێبەرایەتی بەرەی تیرۆریزمی دنیا بدات، بە هەموو لایەکەوە پشتی ڕاسان و خەباتی کورد بگرن چوون هەنووکە هێزێکی گرنگە کە لە گۆڕەپانەکەدایە و بە پانتایی زاگرۆس لەگەڵ دڕندەترین دەسەڵاتی سەردەم بەربەرەکانێ دەکات.



# جیاوازی و پێشکەوتووبوونی حیزبی دێموکرات

جاقل

شەڕی دووهەمی جیهانی بە هەموو لێکەوتە نەرێنییەکانییەوە قۆناغێک بوو کە کورد توانی بۆ یەکەمجار لە سەردەمی مودێرندا کۆمارێک دابمەزرێنێ کە هەتا ئێستاش شانازی پێوە بکات. کۆماری کوردستان دەسکەوتێکی مەزنە کە لە سەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا و ئەزموونێکی بەنرخ بوو لە حوکمڕانی کوردیدا. ئەو دەسەڵاتە کورتماوە پیشانی دا کە ڕێبەرێکی دڵسۆز چەندە دەتوانێ کاریگەری باشی لە سەر تەبایی و پێکەوەژیان و تەناهی کۆمەڵایەتی هەبێ. حیزبی دێموکرات لە ناوخۆی کوردستاندا پێش لەوەی کە دەسەڵات یان هێزێکی سیاسی بێت ڕۆحێکی پاکی مەعنەوی بوو کە لە سەر بنەمای دڵسۆزی و خۆبەخشی بۆ نیشتمان و ئەخلاقی ئینسانی دامەزرابوو. هەر ئەمەش وایکردبوو حیزبی دێموکرات لای بەشێکی زۆری خەڵکی ئەوکات وەک بونیادێکی پیرۆز سەیر بکرێ.

ڕوخانی کۆماری کوردستان و شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد شوێندانەری زۆری لە سەر خەڵک و کەسانی خەباتکار دانا. ڕێژیمی شا ئەگەرچی توانی خاکی کوردستان داگیر بکاتەوە بەڵام نەیتوانی ڕۆحی نیشتمان خۆشەویستی لە نێو خەڵکدا بسڕێتەوە. بەشێکی زۆری دەسپێکردنەوەی خەبات لە ساڵانی پاش ڕوخانی کۆماردا بەدژی ڕێژیمی شا لە هەمان ڕۆحی دڵسۆزی و خۆبەخشی و ئەخلاقی شۆڕشگێڕانەوە سەرچاوەی دەگرت کە کۆماری پیرۆزی کوردستان و شەخسی پێشەوا لە دڵی جەماوەر و خەباتکاراندا چاندبوویان. دوکتور قاسملوو یەکێک لەو قوتابییە بەئەمەگانەی کۆمار بوو کە توانی حیزبی دێموکرات لە سەر بنەمایەکی مودێرن دروست بکاتەوە. دوکتور قاسملوو هەتا کاتی شەهیدبوونی، چەند کۆڵەکەیەکی قایمی بۆ جیاوازی و پێشکەوتوویی حیزب دانا کە هەتا ئێستاش و پاشی ئەو هەموو ئاڵوگۆڕانە، ئەو کۆڵەکانە هەر وەک خۆیان ماون و بوونەتە ڕەمزی جیاوازی و پێشکەوتوویی حیزبی دێموکرات لە نێو هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان.

یەکەم؛ دوورکەوتنەوە لە فەردپەرەستی یەکێک لەو کۆڵەکانە بوو کە دوکتور قاسملوو لە کاتی ژیانی خۆیدا و یەکەمجار لە خۆیەوە دەستیپێکرد.

دووهەم؛ دێموکراتبوون بە تەواوی مانا. دوکتور قاسملوو دژی هەر چەشنە دوگماتیزمێک بوو، هەر بۆیەش توانی پەرە بە دیمۆکراتیزەکردنی حیزبی دێموکرات بدات و دەمارگرژی و تاکڕەوی لەو حیزبەدا بە نیسبەت حیزبەکانی هەموو پارچەکانی دیکە زۆر کەمتر بکاتەوە.

سێهەم؛ ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە وەک یادگاری بەنرخی پێشەوا قازی محەممەد لە سەردەمی دوکتور قاسملوودا وەک ئەسڵێکی بێ ئەملاوئەولا بۆ خەباتکاری کورد لە هەر پلەیەکی تەشکلاتیدا لە پێش چاو گیرا. مرۆڤی خەباتکار دەبێ خاوەنی ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە بێ کە بە گیان و بە ماڵ بۆ سەرکەوتنی نەتەوەی کورد تێبکۆشێ. بەرژەوەندی گشتی بخاتە پێش قازانجی شەخسییەوە و گیانفیدایانە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە حیزبییەکان تێبکۆشێ .

بە پشتبەستن بەم ئەسڵانە حیزبی دێموکرات ڕێگای خۆی لە نێو هەموو حیزبە کوردییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر دیاری کردەوە. هەر ئەم میراتە بەنرخانە و چەند تایبەتمەندییەکی دیکەی دوکتور قاسملووی شۆڕشگێڕ و پێشکەوتوو بوو کە شوێندانەری زۆر ئەرێنی لە سەر داهاتوو و شێوەی خەباتی حیزب دانا. خەڵکی کوردستان بە چاوی خۆیان دیتیان کە پاش شەهیدبوونی دوکتور قاسملوویش، حیزب نەبوو بە حیزبی بنەماڵە یان عەشیرەت. دێموکراتیزەبوونی حیزبی دێموکرات بووە هۆی ئەوە هەموو کەسێک بتوانێ بێ دڵەڕاوکێ ڕای خۆی دەرببڕێ و بە خۆشیشەوە سەرکردایەتی حیزب هەمیشە بە دڵێکی ئاوەڵاوە ڕاوبۆچونە جیاوازەکانی بیستووە و بۆ بەرەوپێشبردنی خەبات کەڵکی لێوەرگرتون.

ڕاسانی ڕۆژهەڵات یەکێک لەو دەنگانەیە کە خەڵکی ناوخۆی ڕۆژهەڵات بۆ تێکۆشەرانی شاخیان بەرز کردەوە و پاش لێکدانەوەی وردی لەلایەن ڕێبەرایەتی حیزبەوە پەسەند کرا. کۆماری تیرۆریستی ئیسلامی ئێران بێ گوێدان بە چەمک و مانا و پوتانسیەلە مەعنەوییەکانی حیزبی دێموکرات چەند ساڵێک لە ڕۆژهەڵاتدا ڕەوتی سڕینەوەی بەها و ئەرزشە میللییەکانی کوردی خێراتر کردبوو. ڕێژیم لە شەڕێکی ناڕاستی ڕەوانیدا هەوڵی دەدا هەتا بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد بە پاسیف یان لەنێوچوو وەسف بکات. لە هەمانحاڵدا کەڵکی لە هەندێ لایەنی پارچەکانی دیکە بۆ بەلاڕێدابردنی لاوانی ڕۆژهەڵات وەردەگرت. مەیداندان بە گروپە مەزهەبییەکان و جەریانی دۆڕاوی ڕیفۆرمخواز شێوەیەکی دیکەی سیاسەتی نەرمی ڕێژیمی ئاخوندی بۆ پشتگوێخستنی حیزبی ڕەسەن و نەتەوەیی کورد بوو. ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە مووشەکباران و درۆنە ئینتحارییەکانیش لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پێش لەوەی خاکی کوردستان بکەنە ئامانج، ڕێژیمی ڕووڕەشی خامنەیی وەدرۆ دەخەنەوە کە ساڵانێکی زۆر لە میدیاکانیدا دەیگوت کە حیزبی دێموکرات نەماوە!

میراتە بەنرخ و شۆڕشگێڕانەکانی دوکتور قاسملوو کەتوارگەلێکی مەعنەوین کە نەسڵ لە دوای نەسڵی کورد توانی فرچکی خەباتی پێبگرێ و خۆیان لە حیزبی جیاواز و پێشکەوتووی ئەودا ببیننەوە. ئێستا بەشێکی زۆری پێشمەرگەکانی کوردستان کە لە مەتەرێزی خەباتدان دوکتور قاسملووی مامۆستایان بە جەستە نەدیوە بەڵام گیانفیدایانە لە سەنگەری دیفاع لە خاکی کوردستاندا خەریکی خۆڕاگرین و ئەوە فیشەکی چەکی ئەو پێشمەرگانەیە کە درۆنەکانی ڕێژیم دەئەنگاوێ و لاشەکانیان لە میدیاکانی جیهاندا بڵاو دەبێتەوە .

ڕێژیم بە جێگەی ئەوە لە ڕێگای دروستەوە هەوڵی چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران بدات دیسان دەیهەوێ بە هێزی سەرکوتکەر و تیرۆریستی حاشا لە ڕاستییەکان بکات. ئەوە لەحاڵێکدایە کە بەشی زۆری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە جوغرافیای زاگرۆسدا ئامادەی گیانبازییە بە دژی ئەو ڕێژیمە. بەو پێیە کە ڕێژیم هیچ سنوورێک بۆ زێدەخوازییەکانی لە پێش چاو ناگرێ و بەردەوام سنووری ڕۆژهەڵاتیش دەبەزێنێ، پێشمەرگەکانی شار بە مەرجی بڕیاری سەرکردایەتی حیزب دەتوانن هەم شێوەی خەبات بگۆڕن و هەم جوغرافیای خەبات بگوازنەوە بۆ نێو دڵی دوژمن. حیزبی دێموکرات بە هۆی جیاوازبوون و پێشکەوتووبوونی، توانای نۆژەنکردنەوە و بەرزکردنەوەی هەموو جمگەکانی خۆی بۆ ئاستێکی سەروتر هەیە و لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانێ خەبات لە ڕۆژهەڵاتدا بکاتە ڕۆژەڤی هەموو میدیاکانی جیهان. هەر بۆیەش ڕێژیم دەبێ پێش لەوە درێژە بە سەرەڕۆییەکانی بدات بیر لە داهاتووی دۆڕاوی خۆی بکاتەوە .

# عوسمانی کوردان سەرمەشقی شۆڕشگێڕان



ئەلبورز ڕووئین‌تەن

ئیسماعیل بێشکچی کۆمەڵناسی کورددۆستی تورک دەڵێ: کەم گەل بە ئەندازەی گەلی کورد قوربانی بۆ ئازادی داوە و پێی نەگەیشتووە.

ئەم وتەیەی تاکێک کە وەک زانایەکی کۆمەڵناسی لە دۆخی کورد ورد بووتەوە و وەک ئەنجامی لێکۆڵینەوە زانستییەکەی بڵاوی دەکاتەوە جێگای سەرنجە. بێ گومان ناسینی کورد و دۆز و دۆخەکەشی کاریگەری لە سەر ئەو ئەنجامە هەبووە؛ بەڵام بۆ کوردێکی ئاوێتەی ئەو خەبات و تێکۆشانە کە خۆی جۆرێک قوربانییە و لە نزیکەوە ئەو قوربانییانە دەبینێ و هەر بەیانییەک کە لە خەو هەڵدەستێ ترسی ئەوەیکە نەکا هەواڵێکی دیکەی ناخۆش سەبارەت بە دۆز و خەباتکارانی ئەو دۆزە ببیستێ، زیادتر لە سەرنج ئەوپەڕی ئازار و ناخۆشییە، ئەگەر بێت و ئەو قوربانییانە لە نزیکەوە بناسێ و تەنانەت لە قوناغێکی ژیانتدا هاودەم و ناسیاوی خسڵەت و تایبەتمەندییەکانی بی، ئیتر ئازارەکە دوو ئەوەندە دەبێت.

ئەو ئازارە نەک چۆکت پێ شل ناکات بەڵکوو شێلگیرتر لە جاران وێڕای خەبات بۆ ئەو نرخانەی کە کەرامەتی مرۆڤی پێوە بەندە و هەروەها بەردەوامی خەبات لە پێناو دانەوەی پاداشتی شەهیدان و ئەو هەموو قوربانیدانە، واتە بەردەوامی ڕێگایان تا کوردستان ڕزگار دەبێت وەک ئەرکێکی پیرۆز دەبێ بە بەشێک لە ژیانی شۆڕشگێڕان.

ئەو پێشەکییە بە کورتی وەسفی بیرکردنەوەی ئەو ساتەی کە هەواڵی شەهیدبوونی تێکۆشەری ناوداری کورد عوسمان مستەفاپوور دەبیستی دەکات. شۆڕشگێڕێک کە لە هەڕەتی لاویدا ڕێبازی پێشەوا و شەهیدانی کوردستان دەگرێتە بەر و مەکۆی دێموکرات بۆ خەبات هەڵدەبژێرێت، لە ژێر پلەی بە شەرەفی پێشمەرگایەتی، وەک هەموو پێشمەرگەیەکی قارەمانی دیکە کوردستان دەکاتە مەڵبەندی خەبات دژی داگیرکەران و دوژمنانی ئازادی و مرۆڤایەتی.

خەبات لەو چوارچێوەیە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی لە یەکێک لە مەئموریەتەکانی دوای شەڕێکی جوامێرانە و نابەرامبەر دەکەوێتە دەستی ستەمکارانی مێژووی مرۆڤایەتی و بۆ ماوەی نزیکەی سێ دەیە لە ژێر ئەشکەنجە و ئازار لە زینداندا لە چاوەڕوانی ئەوەیکە لە سێدارە دەدرێت دەمێنێتەوە.

سەرەڕای هەموو ئەو بەڵگانەی کە لە دوور و نزیک لە سەر دۆخی ئەو شۆڕشگێڕانەی دەکەونە دەست کۆماری ئیسلامی لە سەر چۆنیەتی هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەی ئەو ڕێژیمە بەردەوام دەبیستین و دەبینین بەڵام تێگەیشتن لەو ئازارە بۆ تاکێک کە بە چاوی خۆی دۆخی چاڵە ڕەشەکانی ڕێژیمی نەدیتبێ ئاسان نییە، تەنیا ئەو مرۆڤانە دەتوانن بەرگەی ئەو هەموو ئازارە بگرن کە باوەڕی قوڵیان بە دۆزی ڕەوایان هەبێت تا بتوانێ ببێتە قەڵغانێک بۆ ئەوەی بەرگەی ئەو هەموو ئازارە بگرێت.

عوسمانی کوردان هەر لەو ڕۆژەوە کە دەکەوێتە دەستی دوژمن و بە درێژایی نزیک بە سێ دەیە کە لە زینداندا دەبێت، لەگەڵ ئەوەی بەرگەی ئەو هەموو ئازارە دەگرێت، زیندانیش دەکاتە سەنگەرێکی دیکە بۆ بەردەوامی خەبات. ئیرادە و باوەڕی عوسمان نەک نارووخێ، نەک شل نابێ، بەڵکوو پەناگایەک دەبێ بۆ ئەو نیشتمانپەروەرانەی دەکەونە زیندان.

عوسمان بۆ یەک ساتیش بیر لە بەرژەوەندی خۆی ناکەتەوە، بەڵکوو هەر پێشمەرگە دەمێنێتەوە و، بە لەش لە پشت میلەی ئاسنی زیندان و لە نێو قەفەسی دوژمن، بە ڕۆح ئازادیخوازێکی ئەم کوردستانە و بەسەر ئاسمانی دالانپەر و کێڵەشین و قەندیل و تەرەغە و شاهۆ و زاگرۆسدا دەفڕێ.

بۆ تێگەیشتن لە ڕۆحە بەرزەکەی عوسمان مستەفاپوور پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ حیزبەکەی یان شایەدی هەموو ئەوانەی بۆ ڕۆژێک لە زینداندا ئەویان دیتبوو یا ئەو وێنانەی کە لە زینداندا بە دوور لە چاوی دوژمن دەیگرت یان سەیرکردنی چەند ویدیۆی پێشمەرگە کە لە تیشک‌تیڤییەوە بڵاو بوونەتەوە یا وێنەکانی لەگەڵ شەهید هیدایەت عەبدوڵاپوور بەسە.

بەڵام کاتێک دوای ئازادبوونی کە پاش ٢٨ ساڵ جارێکی دیکە توانیبووی بگەڕێتەوە داوێنی قەندیل، دەبینین یەکەم کاری عوسمان مستەفاپوور پەیوەندی گرتن بە حیزب دەبێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بێتەوە ڕیزی پێشمەرگە و پەیوەست ببێت بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لە چوارچێوەی حیزبی دێموکرات درێژە بە خەباتی خۆی بدات، بۆ هەموومان دەردەکەوێ عوسمان مستەفاپوور ئازادی خۆی تەنیا لە دەرچوون لە زینداندا نابینێ، بەڵکوو ئازادی ڕاستەقینە لە پەیوەستبوونەوە بە حیزبی دێموکرات و بەردەوامی بە خەبات لە جلی خاکی پێشمەرگەدا دەبینێ.


هەروەها جارێکی دیکە دەیسەلمێنێ کە زیندان و هەموو ئەستەمییەکانی خەبات ناتوانن شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینە لە خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی نەتەوەکەیان دوور بخەنەوە بەڵکوو مانای ژیان بۆ ئازایخوازان لە خەبات بۆ ئازادی گەلەکەیان دەبینێتەوە.

بۆ زۆربەی ئێمەمانان کە بەردەوام لە بوڵتەنی هەواڵەکان بە دوای هەواڵی ئەو شۆڕشگێڕە لە زینداندا بووین زیادتر ئەو تایبەتمەندییە شۆڕشگێڕانەی عوسمان مستەفاپوور لە زەینماندا بەرجەستە دەبوون، بەڵام ئەگەر شانازی لە نزیکەوە ناسینی عوسمان مستەفاپوورمان هەبا کە بە خۆشییەوە ئەو شانازییە بە من بڕا، دەماندیت ئەو مرۆڤە بەرزە کە لە بەرانبەر دوژمن وەک قەندیل و کێڵەشین ڕاوەستاوە و بە خەباتی خۆی زیندانی ئەو زاڵمانەی بە چۆکدا هێناوە، لەگەڵ پێشمەرگە و هاوڕێکانی چەندە خاکەڕا و ئارام و مەندە، تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی عوسمان مستەفاپوور دوای ئەو هەموو خۆڕاگرییە نەک گۆڕانی بە سەردا نەهاتبوو بەڵکوو دڵسۆزتر لە جاران، ئەرکەکانی لە نێو شۆڕشدا بەوپەڕی ڕێک و پێکییەوە بەڕێوە دەبرد، ئەوەش بۆ ئەوپەڕی گەورەیی عوسمان مستەفاپوور دەگەڕایەوە و تابلۆیەکی زیندووی ئەو وتەیە بوو کە نابێ بڵێین شۆڕش چی بۆ ئێمە کردووە بەڵکوو ئێمە چیمان لە دەست دێت بۆ شۆڕش بکەین بۆ ئەوەی بتوانین لە سەرکەوتنی شۆڕشدا سەرکەوتوو بین.

بە شەهیدبوونی، عوسمانی کوردان خەمێکی قوڵی خستە نێو دڵی هەموو کوردێک بەگشتی و هەموو هاوسەنگەرانی بەتایبەتی، بە بیستنی هەواڵی شەهیدبوونی بەردەوام ئەو هەموو قوربانیدانەی ئەو لە مێشکی ئێمەدا وەک فیلمێکی تراژیک دەبیندرێت و لە ژیان و خەبات و خۆڕاگری ئەو هاواری ئازادیخوازی گەلی کورد لە ویژدانی ئێمەدا دەزرینگێتەوە بەڵام ئێمە لە ڕێبەرانی شەهیدبوومان فێر بووین کە ئەو خەمانە بکەینە سەرچاوەیەکی دیکەی پاڵنەر بۆ بەردەوامی خەبات و کارەکانمان لە بەرانبەر ئەو بەرپرسیارەتییە قورسەی کە لە بەرانبەر شەهیدان هەمانە بەڕێوە ببەین و ژیانی ئەوان کە سەرمەشقی هەموو شۆڕشگێڕانە بکەینە وانە بۆ بەردەوامیدان بە ئەو ڕێبازە پیرۆزە.

# گەڕانەوەی ڕێژیم بۆ بەرجام بە کەمتر!!

**هیوا خانی**



خۆدزینەوە و خۆگنخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە وتووێژی ناوکی بە ناوی بەرجام، نیشان لە ناڕاستی و درۆ و دەهۆی ئەو ڕێژیمەیە لە خەڵکی خۆی و وڵاتانی دراوسێ و دەرەوە! دەنا ئەگەر وەک خۆیان دەڵێن پرسی ناوکی بۆ مەبەستی پێداویستی و ئاشتییانەیە هیچ ئەو دزی و فزییە و خۆشارووکێنەی ناوێ! دیارە مەبەستی دیکەی لە پشتە بۆیە ڕێژیم هێندە ناڕاستییە دەنوێنێ! هەرچەند خامنەیی چەکی ناوکی بە حەرام دەزانێ و ئیدیعا دەکات کە مەبەستیان لە بەرهەمهێنانی کەیکی زەرد و پیتاندنی ئۆرانیۆم و بەرزکردنەوەی هەتا سەرووی ٦٠٪ تەنیا بۆ مەبەستی ئینسانی و ئاشتییانەیە کەچی شارەزایانی ئەم بوارە ئەم قسەیە ڕەد دەکەنەوە و پێیان وایە ئاستی بەرزکردنەوەی پیتاندنەکە و ئەو ئاوە سووک و قورسەی کاری بۆ دەکەن بەرەو ئاستی مەترسیدار و لە دەست چوونەدەری ڕێژیم دەچێتە پێش! سبەی کە چەکی ناوکی بەرهەم هێنا! وەک خومەینی! خامنەییش قسەی خۆی دەخواتەوە و زۆر بە ئاسانی دەڵێ: (خدعە کردیم)!!

هەست کردن بەو خدعەیە بووە هۆی ئەوەیکە ترامپ ئەو دەسکەوتەی بەرجامی ئێران هەڵوەشێنێتەوە و کارێک بکا کە ئەمڕۆ بایدن بە ئاسانی نەتوانێ بگەڕێتەوە سەر خاڵی سیفر و لەوێوە دانوستان دەست پێبکاتەوە!

کارنامەی شەش گەڕ دانیشتنی ناڕاستەوخۆی ئێران و ئامریکا نیشانی دا کە گەڕانە بۆ سەر مێزی وتووێژ کارێکی ئاسان نییە! لەولاشەوە ڕوحانی هەم لەلایەن وڵاتانی ئورووپایی و هەم لەلایەن ئامریکا و هەم لەلایەن بناژۆخوازانی ناوخۆیی فشارێکی زۆری لەسەر بوو بۆیە زۆر پێش تەواوبوونی وادەی سەرکۆماری دانیشتنەکانی هەڵپەسارد و بە ئەستۆی ئەوانە لە مەیداندا نەبوون و خۆیان پێ شێر بوو بەجێهێشت.

خامنەیی لەگەڵ ئەوەی هیچ کارێک بەبێ پرسی ئەو و قسەی ئەو نەک لە بواری ناوکی بگرە لە گشت بوارەکانی سیاسەتی دەرەوە نەکراوە بەڵام بە ڕواڵەت وای نیشان دەدا کە ئەو ڕەوتەی ئاوا دەچێتە پێش بە دڵی نییە! ئەوەش دەبووە هۆی ئەوەیکە دەروێشەکانی لە مەجلیس و شۆرای بەرزی تەناهی نیشتمانی و تاقمی توندئاژۆ بە ئاشکرا نارەزایەتی بەرانبەر بە دانیشتنەکانی ویەن دەربڕن.

قسەیان ئەوە بوو کە ئەو دانیشتنانە بۆ هەڵگیرساندنەوەی وتووێژەکانی بەرجام لەگەڵ ویست و داوا و مەرجەکانی ئێران زۆر لێک دوورن و بەو هۆیەوە قەبووڵکراو نییە؛ بەڵام بەڕوونی ناڵێن داوا و ویست و مەرجەکانی ئێران چین و دەبێ چۆن بێ! ئێستا کە ئەوان لەسەر حوکمن دەبێ چاوەڕوان بین کە لەگەڵ ئەو هەمووە وادە و بەڵێنییەی بە خەڵکیان داوە و بۆ وەدیهێنانیشی دیارە بە دەستی بەتاڵ چ وەدی نایە! زۆر بە ناچاری هەر گەڕانەوەیە بۆ سەر پەت و سینگی خۆی.

بەرنامەی ناوکی ئێران بە هەر شێوەیەک بچێتە پێش کەیسێکە کە ماوەی ١٥ ساڵە یەکێک لە گرینگترین کارەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بووە، ئەو کەیسە لە زۆرێک لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری بەتایبەت لە سیاسەتی دەرەوەدا کاریگەری هەبووە.

دەوڵەتانی جیهان پێیان وایە کە ئێران هەڕەشەیە و هەڕەشەکانی ئێرانیش هەڕەشە لە سەر تەناهی و ئارامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکەیە بۆیە کۆدەنگی جیهانی لە بەرانبەر دەست وێڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی لەئارادایە. هەموو وڵاتان و ڕێکخراوەکانی جیهانی بە توندی چاوەدێری جموجۆڵ و هەڵسوکەتەکانی ڕێژیمن لە بواری ناوکیدا بەچەشنێک کە کار گەیشتۆتە جێگایەک کە تەنانەت لایەنە ئورووپاییەکانی بەرجامیش ئێستا بەپێچەوانەی ڕابردوو لەگەڵ ئامریکا هاوڕا و هاوپەیمانن. پێشان ئامریکا توندوتیژی دەنواند ئێستا وڵاتانی ئورووپایی تەنگەتاوترن.

ڕاگرتنی بەرجام بە مانای زەبرەوشاندن لە ئابووریی وڵات و زیان و زەرەرگەیاندن بە هاووڵاتی و هەژارترکردنی ئەوان و خراپترکردنی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتییە!.

درێژەدان بەو ڕاگرتنە هەلێکە بۆ زیادبوونی تەوژمی گیروگرفتە هەمەلایەنەکانی ئێران و دوورکەوتنەوە لە وادە و بەڵێنییەکان.

هەڕەشەکانی ڕۆژاوا و هەڵوێستی توندی وڵاتانی ئورووپاییش پاش قسەکانی گەڕووسی، تەنگی زیادتر بە ڕێژیم هەڵدەچندرێ و خامنەیی بە پەنامەکی نەرمشێکی دیکەی قارەمانانەی نیشانی داوە، هەر ئەوەش بۆتە هۆی کەمبوونەوەی قەبارەی ویست و داواکانی ئێران! درێژەی ئەو بارودۆخە کۆماری ئیسلامی و توندئاژۆکان دەخاتە تەنگەژە و ناچارکران بۆ سلاوێکی بە کەمتر بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ڕۆژاوا.

# کۆماری ئیسلامی، کوردستانی بۆ بەچۆکدا نایە

**سەمیرا عەزیمیان**

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە لە ماوەی زیادتر لە چل ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕێژیم هەوڵێکی چڕوپڕی بۆ تواندنەوەی نەتەوە و بیروباوەڕە جیاوازەکان داوە هەر بۆیە لە کاتی سەرنەکەوتنی ئامانجی دیاریکراویدا لە ڕێگای کۆمەڵکوژی و تیرۆر و تەنانەت سڕینەوەی موڵک و ئاسەوار و.... هەوڵێکی بێوچانی داوە. دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لەپێناو مانەوە و بەهێزکردنی دەسەڵاتی سەرەڕۆیان بۆ پەرەپێدانی گۆڕەپانی دیکتاتۆرییەتی خۆیان لەهیچ چەشنە کردەوەیەکی دڕندانە و کاری نامرۆڤانە سڵیان نەکردووەتەوە و ئەگەر بمانهەوێ هەڵسەنگاندن بۆ تاوانەکانی ڕێژیمی ئێران و دەستەبەندیی هۆکارەکان بکەین، هەزاران تراژێدیای دڵتەزێن بەنرخی شەهیدبوونی ڕۆڵەکانی کورد، بریندارانی ڕێگای خەبات و تێکۆشان و زیندانیانی سیاسی و سەدان تاوانی دیکە بە بیانووی جۆراوجۆرەوە ئاوقەگیری خەڵک بووە، تەنیا لە پێناو ڕزگاربوون لەژێر چەتری کۆلۆنیالیزم و مافویستی کەچی کوانێ یاسا، کوانێ وەڵام و کوانێ ڕەچاوگرتنی مافی مرۆڤ و مرۆڤایەتی؟

ئەوە ڕێژیمەکەی خۆمەینی بوو کە بڕیاری شەڕی ماڵوێرانکەری دا و داوای لە هێزە چەکدارەکان کرد کە دەبێت "ئاژاوەگێڕەکانی دژبەری خودا" لە کوردستان ڕامالێت و لێزمەی فیشەکی بەسەر کوردستاندا باراند کەچی لە ئاکامدا بوێری و خۆڕاگری خەڵکی کوردستان بە شەڕی سێ مانگە ناسێندرا و سەرشۆڕی و دۆڕانی تووشی ڕێژیم کرد.

پێویست بە باسکردنە کە بەنیسبەت هێرش و پەلامارەکانی کۆماری پەت وسێدارە بۆ سەر ئۆپۆزسیون و لایەنە سیاسییە کوردەکان زیادترین فۆکۆس لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و شەپۆلی گەمارۆکانی بۆ چرکەساتێکیش لە خەباتی حیزبدا شوێندانەر نەبووە و ڕێک بەپێچەوانەوە هەردەم بە بەرنامەو پرۆگرامی تۆکمەترەوە هەمبەر بە پیلانی ڕێژیم ڕاوەستاوە. لە مێژووی ٧٦ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئەم حیزبە خاوەن کەسایەتی و پێکهاتە و بناغەدارێژەرانێک بووە کە بەشێوەیەکی سیستماتیک و دەروەستانە لە پێناو ئاراستەکردنی بەرژەوەندییەکانی گەل هەنگاویان هەڵگرتووە، بەمجۆرەش شەڕ و دوژمنایەتییەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە کورد پەیتاپەیتا و بەردەوام بووە کە لە بەرامبەریدا هەوڵ بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانەکان و بیرۆکە و هزری مافویستانەی حیزب بناغەی سەرکەوتنمان هەژمار دەکرێ.

دوایین دژکردەوە و پەلاماری دڕندانەی کۆماری ئیسلامی وەک حکوومەتێکی دیکتاتۆر، بوردومانی خاکی کوردستانی باشور بوو کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا ئەنجام درا بەڵام هیچ چەشنە خەسارێکی گیانی بەدواوە نەبوو و هێزی پێشمەرگەی کوردستان جارێکی دیکە سەلماندی کە تەنانەت بوردۆمان و پەلاماری ئاسمانیش ئێمە بەچۆکدا ناهێنێ.

بەدرێژایی مێژوو ئێمە بەرامبەر بەم کارەساتانە ڕاوەستاوین و لە ڕێگای پلانی تۆکمە و بەهێزەوە بەرەنگاریمان کردووە، ئەم هێرشە کە لە ١٨ خەرمانان بەسەر ئاسمانی کوردستان دەستی پێکرد هەروەک کە ئاماژە کرا فرەمەبەست بوو؛ کە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە سێ ئامانجی ڕێژیم لەم چوارچێوەیەدا بکەین:

١. چا و تر سێنکر د نی ئۆپۆزسیۆن و لایەنە سیاسییە کوردییەکان بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە لە پلانی نوێ و هەروەها وەشاندنی کارەساتێکی هێرشبەرانە پاش هاتنەسەرکاری سەرکۆماری نوێ.

٢. وەبیرهێنانەوەی جینایەتی ١٧ی خەرمانان و هەوڵدانێکی تر بۆ سەپاندنی زەبرێکی خەسارهێنەر لە پەیکەرەی حیزبی دێموکرات.

٣. هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی وورەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پەکخستنی خەباتی نوێی "ڕاسانی خۆرهەڵات".

هێزی پێشمەرگەی کوردستان خەبات بۆ مافەکانی گەل بە ئەرکی سەرەکی خۆی دەزانێ و بەدارشتنی پلانی بەهێز و پرۆژەی بەپێز بۆ کار و ئەرکەکانی تێدەکۆشێ، هەروەها هێزی شوێندانەری ڕاسان بەردەوام دەبێت لە حزووری خۆی لە نێو دڵی کۆمەڵگادا.

ڕاسان لە هەموو ڕەهەندێکی خەبات لەمەڕ پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، ئابووری و...هتد بۆ کۆتاییهێنان بە ساختاری دەسکردی ڕێژیم و گەیشتن بە سەرکەوتن و دەسەڵاتی سیاسی تێدەکۆشێ، هەربۆیە بەڕاشکاوی دەڵێین کە ئێمە هێزی هێما و ورەبەخشی ڕاسانی خۆرهەڵاتین و کۆماری ئیسلامی ئێران، کوردی بۆ تێك ناشکێندرێ.

# بۆ بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ نا!!

**هیوای کوردان**

لەگەڵ ئەوەی بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ لە قازانج و بەرژەوەندی هەموو وڵاتانی ئازاد و دێموکراتیک و تەنانەت لە خزمەت بە جیلی ئەمڕۆ و نەوەی سبەی مرۆڤدایە! بەڵام هێندێک دەسەڵاتی تۆتالیتێر و بەرژەوەندیخواز لە جیهان بوونیان هەیە کە بەختەوەری و کامەرانی نەک ئیسانەکانی سەر گۆی زەوییان ناوێ بەڵکوو دوژمنی ئاشتی و تەناهی نەتەوەکەی خۆشیانن. دیارە ئەوان بەختەوەری و کامەرانی هەر ناناسن و ئاشتی و تەناهی لە دەسەڵاتی ڕەشی خۆیاندا دەبیننەوە، هەر بۆیە هەموو ڕێی و شوێنەکان هەر ئەوان دیاری دەکەن! و هەر ئەوانن کە وەکیل و وەلی و وەسی هەموو خەڵکن!.

چ شتێک دەبێتە هۆی ئەوەیکە بەڵگەنامەیەک کە لەسەر دەستی شارەزایان و لێزانانی هەموو وڵاتانی جیهان بڕیاری لێدراوە و ١٦٤ وڵاتی جیهان پێملی بوونە و بۆ باشترکردنی ژیان داڕێژراوە، هێندێک دەسەڵاتی وەک کۆماری ئیسلامی پێی هەڵبەزنەوە و نەک کاری پێنەکەن بەڵکوو دژایەتیشی بکەن؟

لە سێپتامبری ٢٠١٥دا کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارنامەیەکی بە سەردێڕی گەڵاڵەی کاری هەتا ٢٠٣٠ بۆ گۆڕینی دنیاکەمان بە ناوی "گەشەی سەقامگیر" پەسند کرد. ئەو بڕیارنامەیە ١٧ دەستووری کاری بۆ گەشەی سەقامگیری وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە تەکوزی لەخۆ دەگرێ. ئەو بەڵگەنامەیە بە هاوکاری پسپۆڕانی نێودەوڵەتی داڕێژراوە و وڵاتان موختار کراون لە بەڕێوەبردنی و دەتوانن هەڵبژێرن یان ئەو بەڵگەنامەیە لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگای خۆیان ڕێک بخەن. لە ئەدەبیاتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا "گەشەی سەقامگیر" یانی وەدیهاتنی ویستەکانی ئەمڕۆ بە لەبەرچاوگرتنی جیلەکانی داهاتوو، یان بە واتایەکیتر گەشەی سەقامگیر بەو مانایە کە وشیار بین ئەمرۆ هەموو بنەما و سەرچاوەکان بۆ گەشە بەکار نەهێنین هەتا شتێک بۆ جیلەکانی داهاتوو بمێنێتەوە.

پیسکردنی ژینگە، لەنێوبردنی سەرچاوە سروشتییەکان، لە هەمووان گرینگتر ئاڵوگۆڕی هەرێمیش لە ڕیزی ئەمانە دێتە ئەژمار.

بۆ بەرچاوڕوونی پێویستە کورتەئاوڕێک لە کاکڵی بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ بدەینەوە. ئەو بەڵگەنامەیە داوا لە ڕێبەران و خەڵکی جیهان دەکات هەتا ساڵی ٢٠٣٠ کۆتایی بە هەژاری و برسێتی و توندوتیژی و گەندەڵی و قاچاغ ... بهێنن و بەپێچەوانەوە بۆ ئەم پرسانە هەوڵ بدەن: کەرامەتی ئینسانی، ئاشتی، دادپەروەری، پاراستنی یەکسانی، تەناهی، بەڕێوەبەرایەتی سەقامگیر، چاوەدێری سەرچاوە سروشتییەکان، پەرەپێدانی ساخلەمی و دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ هەمووان، بەهێزکردنی ژنان و کچان و یەکسانی ژن و پیاو، گرینگیدان بە کلتووورە جۆراوجۆرەکان و نەهێشتنی جیاوازی لەنێوان کەمینە نەتەوەییەکان، داکۆکیکردن لە چینە خوارووەکانی کۆمەڵگا، دێموکراسی و مافی شارۆمەندی، باشترکردنی ژینگە، گەشەدان بە دێهاتەکان، بەرەوپێشبردنی ڕاهێنانی گشتی و فەننی و پیشەیی، برەوپێدانی پێکەوەهەڵکردن، هەلی کار ڕەخساندن کە تەواوی ئەوانە ڕێگەی ڕاهێنان و فێرکاری لە سەرەتای دەسپێکی خوێندن هەتا دواقۆناغەکانی پێگەیشتن و ناو کۆمەڵگاش درێژەی دەبێ.

هەرچەند ئەو بەڵگەنامەیە لە لایەن ئێران و لە دەوڵەتی ڕوحانیدا لە کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە واژۆی کردووە و پێویست بوو ساڵی ٢٠١٦ تێچووی بۆ باشترکردنی ڕاهێنان لەبەرچاو بگیرێ، بەڵام کاری بۆ نەکرا و لە ساڵی ٢٠١٧ لە شۆرای باڵای شۆڕشی کلتووری کارپێکردنی ڕاگیرا و بە هاتنە سەرکاری ڕەئیسی چەند ڕۆژ لەوە پێش بە فەرمی کارپێکردنی هەڵوەشایەوە.

بڵێی هۆی وەلاخستنی ئەو بڕیارنامەیە لە چیدا بێ؟ چ قازانجێکی بۆ خەڵک و چ زەرەرێکی بۆ ڕێژیم هەبێ؟ ڕاگەیەنەکان و کەسانی نیزیک لە ڕێژیم تەنانەت دژبەری سەرەکی ئەو گەڵاڵەیەی خامنەیین! ئەو گەڵاڵەیە بە پیلان (توطئە) بۆ بەوتەی خۆیان خۆتێخزاندن (نفوذ) ئەژمار دەکرێ! تارادەیەک کە پێیان وایە ئەگەر ئەو گەڵاڵەیە بەڕێوە بچێ ئەوا بەبێ‌هۆ سەرباز بۆ ڕۆژاوا پەروەردە دەکرێ!. ئەوە پیلانی وڵاتانی زلهێز و ڕۆژاواییە. ئەوانیش پێیان وایە لە ڕوانگەی بێچەوە دژی یاساکان نییە! بەڵام لە ناوەرۆکدا زۆر ئاڵۆزە.

بەڵام لایەنگرانی ئەو گەڵاڵەیە پێیان وایە ئەو گەڵاڵەیە گەلێک ئامانج دەپێکێ لە ڕاهێنانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی، هەڵسەنگاندن و خەملاندنی چۆنیەتی فێربوون، چاوەدێری فێرکاری بۆ پێش چوونە قوتابخانە و سەرەتایی، ڕاهێنانی فەننی و پیشەیی کارامەیی فەرمی، پەرەپێدانی بێهداشت و شێوەی ژیانی تەندروست و کەمکردنەوەی کەم سەوادی و تەیارکردنی ناوەندەکانی خوێندن لە ڕاهێنانی سەرەتاییەوە هەتا زانکۆ و زانستگا و نەهادەکانی ڕاهێنان لە ناوەندگەلی بەرزی خوێندن؛ بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی کەشوهەوای گەڵاڵەکە لەباری ڕاهێنانەوە، دەکرێ بڵێین بەرزکردنەوەی ڕاددەی وشیاری فێرخوازان و کۆمەڵگا لەباری خۆناسی و ئینساندۆستی و هەڵسوکەوتی شیاو لەگەڵ یەک و نەهێشتنی توندوتیژی و چاوکراوەیی جیلێکی نوێ، ترسی هەرەگەورەی ڕێژیمی ئێرانە! هێنانە ئارا و برەوپێدانی زانستە مرۆییەکان (علوم انسانی)، کارکردن بۆ یەکسانی ژن و پیاو،بردنی کۆمەڵگا بە ئاقارێکی داماڵراو لە بیروباوەڕی ئایینی، باڵادەستکردنی سێکۆلاریزم، یانی لەنێوچوونی دەسەڵاتی داسەپاوی ئاخوندان، ئەمەش بەواتای نەمانی کۆنەپەرستی دێتە ئەژمار.

## محەممەد ساڵح قادری:

# هەڕەشە و هێرشەکانی ڕێژیمی ئێران نیشانەی بەهێزبوونی جووڵانەوەی ڕۆژهەڵات و کاریگەرییە جەماوەرییەکەیەتی کە ئەو ڕێژیمە لێی تۆقیوە و لەم بارودۆخە قەیراناوییەی کە تێیدایە نیگەرانی بۆ پەیدا بووە کە بزووتنەوەی کوردستان ببێتە هێما و داینەمۆ بۆ ڕاپەرینی سەراسەری خەڵکی ئێران



وتووێژ:
ڕەحمان سەلیمی

**نزیکەی دوو حەوتوو لەمەوبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕۆژی ١٨ی خەرمانان لەڕێگەی فڕۆکەی شەڕکەر، درۆن و تۆپخانەوە هێرشی کردە سەر بنکەکانی هێزی پێشمەرگە لە بەرزاییەکانی هەرێمی کوردستان.**

**فەرماندەکانی سپای پاسداران و باقی مۆرەکانی ڕێژیم بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە هیچ ڕێوشوێنێکی نێونەتەوەیی، هەڕەشەی درێژەدان بە تۆپباران و بۆمباران دەکەن و تەنانەت داوایان لە حکوومەتی ناوەندی عێراق و هەرێمی کوردستان کردووە کە حیزبە کوردییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان دەربکەن.**

**ئەم بابەتەمان لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاک "محەممەد ساڵح قادری" بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خستووەتە بەرباس کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.**

### هەڕەشە و هێرشەکانی ئەمجارەی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان چ جیاوازییەکی لەگەڵ پێشووتر هەیە؟

جیاوازییەکە لە دوو ڕەهەندی سەرەکییەوە خۆی دەنوێنێ؛ یەکەمیان ساڵانێک بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوازێکی شەڕی نەرم، نکۆڵی لە مانەوە و کاریگەری هێزەکانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکرد و وای دەنواند کە ئیتر ئەو هێزانە لە نێو خەڵکدا پێگەیان نەماوە و ناتوانن بۆ ڕێژیمەکەیان ببنە هەڕەشە، بەڵام ئەم جارە ناچار بوون دان بەو ڕاستییەدا بنێن کە بوونی ئەو هێزانە، بە قەولی خۆیان هەڕەشە و مەترسیین بۆ سەر سەقامگیری دەسەڵاتەکەیان هەیە. بۆ ئەو مەبەستەش دیتمان لە بەرزترین ئاستی فەرماندەیی نیزامی و لە بەرزترین کاناڵی دیپلۆماسی و لە ڕاگەیەندنە فەرمییەکانی خۆیانەوە، کەوتنە گوشارهێنان بۆ سەر هەرێمی کوردستان و داواکاری لە حکوومەتی عێراق و هەوڵی بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی خەڵکی عێراق و باشووری کوردستان، تا بەم شانتاژکردن و پەلەقاژەیە بتوانن بەربەست لەبەردەم بوونی هێزی پێشمەرگە و چالاکیی سیاسی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بکەن. جیاوازی دیکە، بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و درۆنی ئینتحاری وەک تەکنۆلۆژیای نوێی شەڕ بوو کە وێڕای تۆپخانە و کاتیۆشا بۆ سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە، وای دانابوو کە بەم تاکتیک و تەکنۆلۆژییە نوێیەی شەڕ بتوانێ زەربەیەکی کاریگەر لە هێزی پێشمەرگە بدات و هێندەی دیکە توانا نیزامییەکەی بە ڕووی بیروڕای گشتی ناوچە و جیهاندا بکێشێت بەڵام دیتمان بە وریایی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەو هەموو پیلانەی ڕێژیم نەیتوانی هیچ خەسارێکی گیانی بە هێزی پێشمەرگە بگەیەنێت و هاوکات چەند درۆنێکی لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە بەر درانەوە، ئەمەش شکستێکی نیزامی و سیاسی بۆ ئەو ڕێژیمە بەدوای خۆیدا هێنا.

### ئایا کۆماری ئیسلامی لەم قۆناغەدا هەوڵ دەدات چارەنووسی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات یەکلا بکاتەوە ؟

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی خۆی، دوور لە مەنتیقی سیاسی، هەمیشە بە ڕوانگەیەکی ئەمنیەتییەوە سەیری بزووتنەوەی کورد و حیزبەکانی کردووە، هەر بۆیە لەهەر قۆناخێکدا بە هەموو ئیمکاناتی خۆیەوە بەردەوام هەوڵی داوە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە نێو بەرێت. ئەمەی ئێستا لەم قۆناغەشدا دەیکات، درێژەی هەمان سیاسەت و مەنتیقی دیکتاتۆری و دژی گەلی خۆیانە.

### حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن لە دەرفەت و هەڕەشەکانی ئەم قۆناغە تێدەگەن؟

بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی قەیراناوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ناهاوسەنگی هاوکێشە سیاسی، ئابووری و نیزامییەکانی ناوچەکە لە نێوان جەمسەربەندییەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا، هەروەها کشانەوەی هێزی نیزامی ئەمریکا لە وڵاتانی ناوچەکەدا، دەبینین جۆرە بۆشاییەکی ئەمنی و سیاسی ڕووی لە ناوچەکە کردووە و تا ڕێککەوتن و ئارایشێکی نوێ لە نێوان زلهێزەکانی وەک ئەمریکا، ڕووسیە، بریتانیا و فەرانسەدا سەبارەت بە سووریە، عێراق و ...، نەیەتە پێش، سروشتییە کە ڕێژیمی ئێران هەوڵ بدا لەم بۆشاییە کەڵک وەربگرێ و پیلانەکانی جێبەجێ بکات بۆیە پێویستە سەرەڕای بەجیددی وەرگرتنی هەڕەشەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەم قۆناغەدا، هاوکات بە یەکگرتوویی و ئیرادەی شۆڕشگێرانەی سەرجەم هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەوڵ بدەین بە پشت بەستن بە خەڵک و توانایی خۆمان، ئەم قۆناغە هەڕەشەئامێزەی ڕێژیمی ئێران تێپەڕێنین و شانبەشانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران قورسایی بخەینە سەر خەباتی نێوخۆیی و ئەو ڕێژیمە ناچار بە پاشەکشە بکەین.

### ئایا کۆماری ئیسلامی پێشتر بەم شێوەیە باسی داماڵینی چەک لە حیزبە کوردییەکانی کردووە؟

ڕێژیمی ئێران لە سەرەتای هاتنە سەر کارییەوە تا ئێستا، بە بێ ئەوەی گوێ بۆ داخوازە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەکەی شل بکات، ناوە ناوە ئەو داوایەی ئاراستەی تێکۆشەرانی کوردستان کردووە بەڵام ئەو ڕێژیمە تا ئێستا خۆی لەم ڕاستییە خافڵاندووە کە پێش ئەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان حیزبی چەکدار بن، حیزبی سیاسین و خاوەن ئامانجی سیاسی بۆ خەڵکی کوردستانن و ئەو حیزبانە جیاوازن لە بزووتنەوە چەکدارییەکانی وەک حیزبوڵڵای لوبنان، تالیبان، حەماس و ...، بۆیە تا ئەو کاتەی داوا سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە قبوول نەکرێن و هاوکات ڕێژیم بیهەوێ بە ڕێگای نیزامییەوە ئەو بزووتنەوەیە دامرکێنێ، سروشتییە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەک مافێکی ڕەوا بۆ بەرگری لە خۆیان چەکەکانیان دەپارێزن و وەک شێوەیەک لە خەباتی ڕەوا کەڵکی لێوەردەگرن.

ئەوەی ئەمجارەش جیدیتر ئەم داوایە دەکا، نیشانەی بەهێزبوونی جووڵانەوەی ڕۆژهەڵات و کاریگەرییە جەماوەرییەکەیەتی کە ئەو ڕێژیمە لێی تۆقیوە و نیگەرانە لەم بارودۆخە قەیراناوییەی کە تێیدایە، نەکا بزووتنەوەی کوردستان ببێتە هێما و داینەمۆ بۆ ڕاپەرینی سەراسەری خەڵکی ئێران بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆرە.

### لە ڕەوتی سەردانی ئەلکازمی بۆ تاران، داوا لە دەوڵەتی عێراق کراوە کە حیزبە کوردییەکان لە خاکی هەرێمی کوردستان دەر بکەن، ئەو داواکارییەی ڕێژیمی ئێران هەتا چەندە جێگای گرینگی پێدانە ؟

ئەو داوایەی ڕێژیمی ئێران لە حکومەتی عێراق، لە باری یاسای نێودەوڵەتی و کونوانسیۆنی ژێنێڤ بۆ مافەکانی مرۆڤ و مافی پەنابەریی سیاسی و تەنانەت بۆ چۆنیەتی تەعامول لەگەڵ ئەو هێزە چەکدارانەی کە چەندین ساڵ خەباتی چەکدارییان هەڵپەساردبێت، بێ بنەما و نایاساییە. لەبەر ئەوەیکە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە ڕێزیان لە سەروەری عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان گرتووە و چەندەیان پێ کرابێ، خاکی هەرێمی کوردستانیان بۆ هێرش لە دژی کۆماری ئیسلامی بەکار نەهێناوە بەڵام دەبینین ڕێژیمی ئێران لە ماوەی بیست ساڵ هەڵپەساردنی خەباتی چەکداری لە لایەن ئەو حیزبانەوە، زیادتر لە ٤٠٠ پەنابەر و تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە نێو خاکی هەرێمی کوردستاندا تیرۆر کردووە و بە جۆرەها هێرشی هەوایی و زەوینی، سەروەری خاکی عێراق و هەرێمی کوردستانی شکاندووە. لە وەها بارودۆخێکدا ئەرکی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانە کە لە بەرانبەر ئەو پێشێلکارییانەی کۆماری ئیسلامیدا بێدەنگ نەبن و گیانی پەنابەران و تێکۆشەرانی سیاسی دژبەری ئێران لەو مەترسییانە بپارێزن. هاوکات داوا لە ڕێژیمی ئێران بکەن کە باشترە بە ڕێگای دیالۆگی سیاسی کێشەکانیان لەگەڵ ئەو حیزبانە چارەسەر بکەن.

### حکوومەتی ناوەندی عێراق و هەرێمی کوردستان چۆن لەگەڵ ئەو پرسە دەجووڵێنەوە؟

لە کاتێکدا کە حکوومەتی ناوەندی عێراق و هەرێمی کوردستان لەبەردەم هەڵبژاردنی پارلمان و هەوڵی سەقامگیری عێراقدان، ئەو کردەوە ئاژاوەگێڕییەی ڕێژیمی ئێران دەتوانێ بارودۆخی سیاسی و ئەمنیەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بەرەو ئاڵۆزی و ناسەقامگیری ببات بۆیە پێویستە حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان داوا لە ڕێژیمی ئێران بکەن کە کێشەی خۆی لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەکاتە بیانووی هەڕەشە و هێرش بۆ نێو خاکی هەرێمی کوردستان و بارودۆخی ناوچەکە لەمەی کە هەیە زیادتر ئاڵۆز نەکات؛ هەروەها دەتوانن داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکەن کە سنوورێک بۆ ئەو زێدەڕۆیی و سنووربەزاندنانەی کۆماری ئیسلامی دابنێن.

### وڵاتانی ڕۆژاوایی هەتا چەندە گرینگی بە هەڕەشە و پێشێلکارییەکانی ڕێژیمی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتەدا دەدەن؟

بەهۆی ئەوە کە بابەتی هێرشەکانی ئەم جارەی ڕێژیم تا ڕادەیەک نوێیە، بۆیە تا ئێستا هیچ کام لە وڵاتانی ڕۆژاوایی، لە بەرانبەر ئەو دەستدرێژی و یاساشکێنییانەی کۆماری ئیسلامیدا بە شێوەیەکی فەرمی نەهاتوونەتە دەنگ و هەڵوێست و کاردانەوەیەکی جیدیان نەبووە بەڵام لە ئەگەری بەردەوامی هەوڵی ڕێژیم بۆ زیادتر ناسەقامگیرکردنی هەرێمی کوردستان و عێراق، کە بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە بکەوێتە مەترسییەوە، ئەو کات لە ژێر کاریگەری بیروڕای گشتی خەڵکی خۆیان و لەسەر داوای حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان، ناچار دەبن داوا لە ڕێژیمی ئێران بکەن کە ئەو هێرش و دەستێوەردانانەی سنووردار بکات.

# تۆ دووری لە کۆتایی



تۆ دووری لە کۆتایی، زەمان دەتناسێ !
تۆ کوڕی مانەوەی، زەوی دەتناسێ !
چاوەڕوانیی براتە، قەفەس باشت دەناسێ !
هۆ پیاوە باڵاکورتە سەربەرزەکەی نیشتمان!
باڵای باوەڕت
پاش شکستی خورافات گەیشتە سینگی ئاسمان و چڕژی خستە باڵای ئەفسانە نەبیندراوەکان،
تۆ ئاوازی کوێری داڵاشانت بە شافڕینی بێ بەربەستی خۆت
خستە چاڵی بێدەنگی و
لەپاشی شکستی دیکتاتۆر،
کۆتاییت بە کۆتاییهاتنی خۆت هێنا .
تۆ دووری لە کۆتایی، سەرەتا دەتناسێ !
تۆ دووری لە مەرگ، ژیان دەتناسێ !
تۆ ئەویندارێکی هەرگیز نەچەماوی نیشتمانی،
دووری لە کڕنۆش بۆ هەر شتێک جگە لە سەربەخۆیی !!
تۆ وەفادارترین درەختی ئەم باخەی شۆڕشی، من خۆم ناڵێم لە وەرزەکانم پرسی !
ئەی ئەو حەیرانەی بە هەموو گەروویەک نایەیتە چڕین،
گوێم لێ بگرە،
چاوەکانت هەڵبێنە،
ئەو چاوانەی پاش شکستی تاریکی لە عەشقی ڕووناکیدا دووبارە گیانفیدایی تۆی بۆ شەرەف سەلماند !
گوێت بۆ من شل کە ئەی پارێزەری هیوا،
ئەی لە ئەیووب ئەیبووبتر،
مەرگ
بە کڕنۆشەوە،
بە شەرمەوە
دەستەکانی بۆ گیانی تۆ ڕادەدێرێ،
تۆش ئاخ کە ترست تۆقاند،
تۆش ئاخ کە سنوورەکانی خۆفت لە دڵی بەرینتدا خنکاند،
تۆ بووی بە خەنجەرێک لە جنسی تۆڵە و کێ هەیە بەرگەی تیژی تۆ بگرێ،
من ناڵێم، کوردستان دەڵێ:
"هۆ کوڕی من،
هۆ عەولادی دڵسۆزم
جەرگم مەبڕە ڕۆڵەگیان،
گەلێ جاران جەرگم بڕاوە
گەلێ جاران بە فرمێسکان باخی خەمم دەدێرم و
ئەسرینم لە خوێناوا دەبینمەوە

ڕۆڵە گیان دایکتم
وای لەوان عەزابی بەئێش،
وای لەوان دەردی بەژان،
کاکە عوسمان،
زەوی لە حیماسەتی تۆ سروود دەخوێنێ،
گوێ ڕادێرە
چەند ڕۆژێکە لەجێی باران خەمم بەسەردا دەبارێ
چەند ڕۆژێکە داهاتوو چووەتە نێو ماڵەکەی خۆی،
مانی لە ڕابردوو گرتووە
مانی لە ئێستا گرتووە
داوای سزا دەکات،
داوای دادگایی بۆ ژیانکوژان دەکات
.
ئەوە من نیم
ئەوە موعجیزەکانن دێنە دەنگ و دەڵێن:
هۆ عوسمانی سەبوور،
کلیلەکان خائینن پێت و تۆ هێشتا دڵت بەخشندەیە
فاشیستەکان خائینن پێت و تۆ هەروا سەربەرزی.
هۆ عوسمان ئیدی ئێرە کۆتایی لێبووردەبوونە

ئەو قەهرە ببارێنە بەسەریاندا
کە لە مناڵییەوە گۆرانی ڕابوونی بۆ دەخوێنی
ئەم دۆزخە بکەوە،
ئەم جەهەنمە بکەوە،
هەر درەختێک لقێکی خائینی هەبێ
هەر درەختێ خاوەنی گەڵایەکی سپڵە بێ
ئەشێ جەهەنەم ماچی کات،
تۆ لە ڕەچەڵەکی ئەستێرە یاخییەکانی ئاسمانی،
شانت شل ناکەی بۆ هێزی تاریکی
تۆ خوێنی ئەو کاکێشانانەت لە دەماریدا دێت و دەچێت
کە سەریان دانەخست لەهەمبەر یاساکانی جیهانی گەورە
تۆ ئێستا پەیوەست بووی بە نەمری
لەمڕۆوە ئاسمان حیکایەتی دیکەت بۆ دەنووسێتەوە
چیرۆکی زۆر لەسەرت دەنووسرێتەوە و پاش حەشر
خوێنەرانی تۆ پەیمانێک لە جنسی وەفا لەگەڵ تۆدا دەبەستن
هۆ لە ماندێلا بەسەبرتر
تۆ دووری لەکۆتایی،
دووری لە ڕێگاکانی فەرامۆشی
لێرەیت و لە لاشەی بەهاردا دووبارە چاوانت هەڵدێنی،
درەنگ یان زوو دەگەیتە لاشەی ئەو گیانفیدایانەی واز لە شیرینی هەناسە دەهێنن،
تۆ دووری لە کۆتایی گەورەم،
دووری لە کۆتایی !!

**پارتیزان**

---

خاتوونەکەم ،
مەڵێ یارم عاشقی چوار دیواری تەسک و
میلەی ئاسن و نانە ڕەقە ،
لەلای ئاشق بێباکبوون لە مەرگ بە واتای ژیانە.
ئەوین یانی خۆڕاگری ،
چاوەڕوانی بەر پەنجەرە و
وێنەی کێشراوی هێمای خەندەی دوای ئەشکەنجەی
ناو زیندانە.
چوار دیواری ئەو کۆشکەی من
خەتی خوێن و نوسینەوەی دوایادگاری پێش ئێعدامە.
ژیانی پشت ئەو دەرگایە ،
پڕە لە دەنگ ،
پڕە لە ڕەنگ ،
لە ئاوازی ئازادی ،
لێرە ژورە تاکەکان تەنها بۆ مرۆڤەکانە.
لە پشت ئەو دەرگایە کوا ژیان ؟
کوا دەنگ ؟ هەمووی کپە ،
کوا ڕەنگ ؟ هەمووی ڕەشە ،

خانووەکان چۆڵن لە مرۆڤی بێ ویژدان ،
یانیش برسین لە سەر شەقام ،
یانیش هەڵۆئاسا دەژین لە شاخ.
شار کپ و مات ، بێ ئاواز و ڕەنگ.
خاتوونەکەم من تەنیا نیم ،
لەگەڵ مندا ،
لە ناو دڵی پیرەلاوی مندا
خەونی ڕەنگاورەنگی ژین ،
ئاوازی گۆرانی ژیان ،
دواین هاواری پاڵەوانێک کە وەک شێر نەحرەتەی دەکرد و پڕ بە زیندان ئاوازەی دەداوە( کەس نەڵێت کورد مردووە ، کورد زیندووە ) وا لە گەڵمان.
دەربازبوون لەو میلە ڕەق و نەحسانە ،
ئاسانترە لە ژیانی بێ ئازادی.
دێمەوە لاتان هەمدیسان ،
لە بەرە بەیانی ئازادی ،
لەگەڵ دەنگی ئەی ڕەقیب و
لەگەڵ هەڵفرینی باڵندەکان.

**گەلاوێژ مێهفەر**

# KURDISTAN

*Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:807 22 Sep. 2021*

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia




گوڵێکی ڕاونراو
کەوتە ناو بازنەی کڵپەوە و
هەڵقرچا و نەیانهێشت
بەڵام ئەو
دڵۆپێ گوڵاوی لە ڕۆحی
یادگار
بۆ عەشقی ناکامی
لە دوای خۆی بە جێ هێشت..!

دەزگای ڕاگەیاندنی گشتیی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران